# هیوا

گوواریکی ئەدەبیو زانستیی مانگانەیە

ژمـــارە ٣٤ • ســـــالی ٥ • ایلول ١٩٦١

## لەم ژمارەیە دا

• کوردینە : یانەکەتان — دکتور صدیق ئەتروشی
• ئەدەبو گوزارەی ئەدەب — عـــلاء الدین سجادي
• هەلبەستی بیگ نە — ناظم حکمت ، بیاتي ، ولیەم پلیك
• کوردی بە ئاوبانگ — ج ٠ بابان
• ئەنشـــتین — وەرگیر : ك ٠ ف
• ئەدەبی میللیو کلاسیکی ڤیت نام — وەرگیر : عاصم حیدري
• دیپلومی بەرزو کوردەکانی سوڤیەت — میکائیل رشـــید
• ئەی هونراوە ( هونراوە ) — عبدالرزاق محمـــد
• ئەیلولی خوینـــاوی — کاکە مـــەم
• مانگی کـــوردی — بشـــیر مشـــیر

### زمانەوانی

• ئاژاوەی زاراوەکان — عبـــدالســـتار کاظم
• زمانەکەمان — جمال جلال عبدالله
• چاو پی کەوتنیك لە گەل پاکیزە رفیق حلمی — ٠٠٠٠

### چـــیروك

• شاللا سواری کەریشیان بکردایە — میـــــــدیا
• دوژمنەکەی مام ڤیتەل — حســـین عارف

### بازاری چاپەمەنی

• شـــانوی کوردســـتان — معروف برزنجی
• کویەو شـــاعیرانی — صـــلاح علـــي

ئابوونەی

# گوڤاری هیوا

| | فلس | دینار |
| --- | --- | --- |
| بو دەرەوەی عیراق لە سالیکا | ٢٥٠ | ١ |
| لە عیراقدا | ٠٠٠ | ١ |
| بو قوتابی | ٧٥٠ | ٠ |

پارەی ئابوونە پیشەکی ئەنیرریت

وە بەم ناوو نیشانەی ئەنیرریت

**بغداد ــ ساحة السباع**

**السيد عبد علی محمد علی تاجر الاخشاب**

# هیوا

گوواریکی ئەدەبیو زانستیی مانگانەیە

ژمارە ٣٤ * سالی ٥ * ئەیلول ١٩٦١

## کوردینە ...

## خوتانو یانەکەتان !!

(( دکتۆر صدیق ئەتروشی ))

یانەی سەرکەوتن وەکو هەمو یانەییکی تر ، ناتوانی نامەی پیروزی خۆی بگەیێنیو بە شێوەییکی راستو دروست کارو کردوەکانی خۆیبباتە سەر ، ئەگەر بێبەشبێ لە یارمەتیو پشتگیری لایەنگرو ئەندامەکانی . یانەی سەرکەوتنیش کە ئاشکرایە لە مەیدانی خویندەواریو کۆمەلایەتیدا کار ئەکا ، وە هەموو جمو جولیەك لەم مەیدانانەدا پێویستی بە رەنجو هەولو تیکوشینی کۆمەلی خەلکەکە بکرێت . راستە ، دەستەی بەرڕێوەبەری یانە لەم

ڕووەوە باری گرانی ئەکەوێتە سەرشانو فەرمانی ئاراستە کردنو هەلسورانی کارو باری هونەرمەندانەو خوێندەواری ئەگرێ بە ئەستۆیەوە ، بەلام ئەگـەر لە لایـەن ئابووریو هونەریو زانستییەوە پشت ئەستوور نەبێت ، ناتوانێت فرمانی خوی ببا بەڕرێوە .. دەسـتەی بەڕرێوەبەر ـ بە داخەوە ئەلێین ـ لەو ڕوژەوە کە هەلبژێررا بینی کە یانەی سەرکەوتن بەم شـێوەو لەو بارەی کـەتییدایە ناتـوانی ئامانجەکانی بینێتەدی . جارێ ئـەم خانووەی کـراوە بە ( لانە ) جگە ل لەوە کە لە شوێنیکی دوورو لاچەپ کەوتووە وخەلك ڕاناکیشی بۆ سـەردان لێی ، خـانوویکی کـون شرۆلیشە ، کە هەرگیز بۆ ئەوە ناشـێ ببێ بە خانـووی یانەیەك . وە کەلو پەلو شتومەکەکانی یانە ئەوەندە کۆنو شەقو پەق بووە کە لە یانەیەکی ڕێز لیگیراوی وەکو یانەی سەرکەوتنی کوردان ناوەشـێتەوە ... بۆیە دەسـتەی بەڕریوەبەر بە هەموو ئارەزوو خەمخواریەکەوە هەولیدا خانوویەك لە ناوچەی ( باب الشرقی ) بدۆزێتەوە ، بەم بونە کە ئەوێ چاکترین ناوچەی شارە ، وە بۆ هەموو کەسئاسانە ڕێی تێ بکەوێ بەلام بێ سوود بوو .. بەهـۆی گـرانی کرێی خانووی ئەو ناوچەیە کە یانەکەمان لەبەر بێ هێزیو نەدارایی لە گوزەرانییا نەی ئەتوانی کرێی ئەم چەشـنە خانووانە بدات . ئا ، لیرەدا ، ئـەبینین کە پشـتگیریو یارمەتیدانی ئەندامو دلسوزانی کورد چەن گرنگە ! چونکە خۆ چییان لێ کەم نابێتەوە ئەگەر ئەو پارەیەی یانە پیویستی پێیەتی بۆ کرێ بە ( تبرع ) بیدەن بە مەرجیك ببێتە هوی ژیاندنەوەو گەشانەوەی جمو جۆلی ( یانەی سەرکەوتنی کوردان ) !! کە ئەمە تاکانە دەسگایەکی خوێندەواری کوردە لە بەغدادا !

بەلام بە داخەوە ئەیلێین کەدەستەی بەریۆەبەرهەستی

بەوە نەکردوە کە ئەم خەلکە دلسۆزانە بچوکترین ئامادەیی نیشان بدەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم فرمانە نەتەوایەتی‌یە پیرۆزە ... ئیتر کە دەستەی بەرریوەبەر بێ هیوا بوو لە دۆزینەوەی شوینیکی شیاو لەناوچەی باسکراوا ، بریاری‌دا ئەگەر چە نەبیت لە گەرەکی ( وەزیریە ) خانوویەك‌بدوزێتەوە، بە تایبەتی کە ئەکەوێتە نیوانی زوربەی زانستگاکانی بەغدا و بۆ خویندکاران ئاسان ئەبێ کە سەری بدەن و تی‌یا رابوێرن . وە رەنگبێ کرێی خانوو لەوێ کەمێ نزمتربێت‌و لە گەل وزەی گوزەرانی یانە بگونجێت ، زور بە ئاواتەوەین ئەو ئامانجەمان بەم زووانە بێتە دی .

* * *

لەمەوبەر ووتم کە یانە ناتوانی فەرمانی سەرشانی خۆی جێبەجێ بکات ئەگەر ئەندامەکانی و دلسوزانی کورد پشتگیری نەکەن ، وە ئەو پشتگیری‌یەش دوو شێوەی هەیە : شیوەی مادی‌و شیوەی گوزارەیي ، لە لانی ( مادی ) یەوە ، یانە ناتوانیت پشت بەو پارە کەمەی ئابوونەی بەشدارانی ببەستێت ، بە تایبەتی کە ئەندامەکانی هەموو سالیك بە ریکو پیکی بەشداری سالانەیان تازە ناکەنەوە ، وە خوودانە سەر بەشداربوون‌و خۆ کووتان بۆ یانە هەرگیز ناگاتە رادەي هوشیاری نەتەوایەتی‌و دلسۆزی نیشتیمانی‌ی رۆلەکانی گەلی کورد .

ئنجا یانە نەیتوانی خانووی لیبوەشاوە بدوزێتەوە و کەلوپەلەکانی تازە بکاتەوە بە هۆی دەس نەرۆیشتوویی‌و نە دارایی وە هەر وەها ناشتوانێ کتیبخانەیەکی دەولەمەندیش دابمەزێنێ .. ئیتر من بۆیە بەناوی‌دەستەی بەرێوەبەری یانەوە روو ئەکەمە هەموو دلسۆزانی کورد و داوای هاتنە ناو یانەیان لێ ئەکەم ، وە پیویستە گشت

لایەك هەڵەتیکی دلسۆزانە ساز بکەن بۆ ئەم مەبەسە .

وە بۆ راست کردنەوەی شانی یانە لە ژیر باری قورسی ئابووری دا دەستەی بەرێوەبەر بریاری دا کە داخوازی یەك پیشکەش وەزارەتی ( ناوخـو ) بکات کـــە ماوەی پیتاك کوکردنەوەی بدات ، وە هیوادارین هەر دلسۆزیکی کورد چەندی دەستی ئەرروا ، دریغی نەکات و هیچ کەش هان بدات بۆ پارەدان بۆ ئەم پرۆژە قەومی یە بەکەلکە .

لە لانی گوزارەیی (( معنوی ))یەوە یانە پیویستی بـە هەرەوەزی هەموو بەهرەداران و خاوەنانی توانستی ئەدەبی و هونەرمەندی هەیە ، کە پیویست وایە ، یانە ببیتە لانـەی شاعیرو هونەروەرو وێژەوانە کوردەکان و تی یایا سـەرو شوینیك بۆ ژیانەوەی کەلەپوری زانستی نەتەوایەتی دابنین و باسی هۆ دۆزینەوە بکەن بۆ پێشـــخستن و گـەیاندنی بە دریژی گەلە پێشکەوتووەکان ! چەن بە ئاواتەوەین ئەگـەر بتوانین شوینیکی وا ئامادە بکەین کە بە شوەییکی ریکوپێك ئالقەی شاعیران و کۆرری ویژەوان و رەوشەنبیرانی کورد بگیری و رۆلەکانی گەلی کورد بە ئەدەب و زادەی مێشـــکی روونی هونەروەرو بەهرەدارەکانیان بەختیار بین ، وە چەند بە ئاواتەوەین کە ئاهەنگ و میهرەجانی رەنگاو ررەنگ پێك بهێنین ، تاکو ببێ بە پیشانگایەك ، هونەری رەنگینـــی گەلەکەمان و بەهرەو توانستی گەنجەکانمان بە کورو کچەوە تیایا بنوینین ، وە کەلەپووری نەتەوە مەزنەکەمان و گەنجینە شاراوەکانی پیشانی خەلکـــی تر بدەین ... بەلام ئەمانـــە گشتی جێ بەجێ نابیت ، ئەگەر بـــە گورجی ، دلســـوزان فریای ( یانە ) نەکەون و خۆی نەکووتنە ناوو باڵی یارمەتی و میهرەبانی بەسەرا نەکێشن .

* * *

گوڤاری ( هیوا ) کە یەکە وینەی جمو جولی یانەی سەرکەوتنی کوردانە بە راستی جێی پەرۆشە کە لە سالی

چوارەمی تەمەنیا تەنیا ٣ ژمارەی لی دەربچێ ، بی گومان دەرکردنی گوڤارەکەش بەشێکە لە تەنگو چەلەمەی یانەو گیرو گرفتەکانی کە لەمەوبەر باسمان کردن ، ئاشکرایە ، دەرکردنی هەر گوڤاریك لە سەر دوو کۆلەکەی سەرەکی رائەوەستێ ،

( ١ ) نووسینی گوڤارەکە ، کە پیویستە هەر گوڤاریك دەستەیەکی نەگۆرراوو پرر بە بەرو خاوەن توانای هەبێ بۆ نووسین ، وە هەر وەها ئەشبێ خویندەواران تەشجیعی بکەن بە ناردنی وتاری زانستـــــیو ویژەیی بۆی . بـــەلام گوڤارەکەمان بەتەشجیعی پیویستی خویندەوارانشەرەفیار نەبووەو دەستەی نووسەرانی زور جار دەستیکیان ئەکەوێتە پاشو یەکیکیان ئەکەوێتە پێشـــــ ، بە هۆی کـــەمی بابەتی شیاوو تەواوو پەسەند .

گوڤاری هیوا مولکی هەموو نوســـەرانی کـــوردە ، لاپەرەکانی بۆ هەموو خاوەن بەهرەو توانایەك کراوەتەوە بەبێ جیاوازی . ئێی کە گەلی کوردیش ئەمرۆ لە هەموو رۆژیك پتر پیویستی بە زانستیو زانیاری هەیە ، بۆیە پیویستیی پەرە پیدانو بلاو کردنەوەی پەخشیان لە هەموو سچیکی کوردستان فەرمانیکی گرنگو بەکارە . وە گوڤاری ( هیوا ) ش لە سەر دەستەی چاپەمەنیە کوردیەکانا دێتو لــە کۆرری زانستیو خـــویدەواریدا زۆر کـــردەوەی روونو دیاری هەیە ، بۆیە ئەبێ بە خۆمانیەوە بگرینو پەسندی بکەین ، تاکو هەر بەردەوام بێ لە رێی گەیاندنی نامەکەیا ..

( ٢ ) دەرامەتو ئابووری ، کە دەرکردنی گـــوڤاری هیوا لە لایەن پارەوە ئەرکیکی زوری ئەوێ ، وە ئەویش جگە لە پارەی دانە فرۆشراوەکانی ، چیتر شكنابات ، چونکە ئاشکرایە گوڤاریکـــی بازرگانی نییەو پاڵی بە کرێی ( بــۆ زانین ) ي بازرگانی نەداوەو یانەش چاوی لە دەستکەوتو قازانجی ئەم گوڤارە ، چیرر نەکردوتەوە . ئەوەی مەبەستی،

تەنیا دەرهێنانی مایەی خۆیەتیو چیترنا ، ئەگەر هەمــوو دانەکانی بفرۆشرێت .. بەلام جیگەی داخە کە هەموو جار ژمارەیەکی زۆر دانەی نەفرۆشراومان بۆ ئەگەرێتەوە کــە خۆ تێنەگەیاندنی خویندەواران ئەگەبێنیو دیارە نایانەوێ ئەدەبیاتی کوردی بخویننەوە .

وە هەندیك لەو خاوەن کتیبخانەو باوەرر پیکراوانەی گوڤارەکەمان ئەفروشن پارەی دانە فرۆشراوەکان بە سەر راستی نانیرنەوەو لە ئەنجاما زیانیکی زور لە یانە ئەکەوێ ، بـ ەتایبەتی یانە لەم بێ دەرامەتییەیدا ناتوانێ ( جابی )دابنێ بۆ کۆکردنەوەی پارەکان ، لەبەر ئەوە زور تکا لە وەکیلو باوەر پیکراوە بەریزەکان ئەکەین کە ئەو پارەی تا ئیســـتا لایانە بینیرنو لەمەولا دەمو دەســــت هەر کە گــوڤارەکە فروشــــرا گیری نەکەن . وە هەروەها روو لە هــــەمو خویندەواران ئەکەین کە ئەبێ گــوڤاری هیوا بکــردن بۆ تەشجیعو هاندانی بۆ برینی ئەو ریگەی لە بەریتی .. وە بۆ ئەوە خۆشیان لە خویندنەوەی کــوردی رەوان رابێنو چیژی ئەدەبی کوردی بکەنو ئاگاداری جولانەوەی ئەدەبی نەتەوەکەیان بن .

لە کاتیکا کە ئەم راستییانە ئەخەمە بەرچاو پاکانەش بۆ دەستەی نووسەران ناکەم کە بیگومان ئەیتووانی زیاتر رەنج بدات بۆ دەرچوونی بە ریکو پیکیو لە کاتی داندراوا . بەلام ئیمە وا بەلێن ئەدەین بە خویندەوارە خۆشەویستەکان ئەگەر پشگیریو دەستی یارمەتییان بۆ گوڤارەکە دریژ کرد ، ئەوا گوڤارەکەیان بە ریکو پیکیو بە شیوەیەکی قوولو جوانتر دەرئەچێو کەلینیکی گەورە لە بارەی زانستیو خویندەواری کوردی ئەگرێ ....

« دکتۆر صدیق ئەتروشی »

# ئەدەبو گوزارەی ئەدەب (١)

علاءالدین سجادی

ماموستا سجادی کردویە بە پەیرەو کە ووشەی ( ئەدەب ) رەپاورەپ لە نووسینەکانیا بە کار بهێنێ ، لە کاتیکا نووسەرانیتر ووشەی ( ویژە ) یا ( شیواز ) بەم نایە بەکار دێنن ، بێ گومان کە ماموستامان زۆر بە خەم پاك کردنەوەی زمانی کوردی‌یە لە ووشە بێگانەکان ، ئەبێ ئەم کارەی بێ ( هۆ ) نەبێت .. ئیتر با بە ماموستا بلێین : مانای ئەدەب چی‌یەو لە شێوەی اصطلاحا چە کارەساتیکی بەسەر هاتوەو بۆچی ماموستا نایەوێ وازی لی بهینێ ووشەیەکی کوردی لە جیگایا دابنێ ...

« هیوا »

* * *

ئەدەب بە جۆریکی تیکرایی بە مانا زیرەکی‌و شەرم‌و راگرتنی هەر شتیکە لە ئەندازەی خۆیا . عیلمی ئەدەب شت زانین‌و زانیاری‌یە کە هەر کەس بە هۆی ئەوەوە ئەتوانی خۆی بپارێزێ لەو شتە ناشایستانە کە بە هۆی زمان وە یا کردەوەیەوە بە سەریا دێت بە جۆریکی تایبەتیش ( ناوە ) بۆ ئەو کۆمەلە زانینانە کە هۆنراوەو نوسینی‌جوان‌و هونەری نایاب‌و مۆزیقای دلرفێن‌و پیشەی قەشەنگ ئەگریتەوە . ئەو شتانە ئەگرێتەوە کە رابردوان مرواری قسەی جوانیان لە دەم هاتۆتە دەرەوە کەوتبیتە سەر کاغەز یا نەکەوتبێ ، ئەو گەوهەرانە ماونەتەوە ئەو نیگارانە کە گەلێ داستان لە

( ١ ) ئەمە بەشێکە لە کتیبیکی دەستنووسي مامۆستا

لاپەرەکانی روزگارا بە وێنەو وێنەکاری لەسەر بەردەکان شت ئەگێرنەوە ، ئەو هونەرە بەرزانە کە لاپەرەیێکی زێرینی ئادەمیزاد دەر ئەبرن لە گەل نەوای تەلی مـوزیقاکانا دڵو مێشك ئەگەشێننەوەو ئەبوژێننەوە ، ئەدەب ئەمانە هەموو ئەگرێتەوە و ناوە بۆ ئەمانە .

ئەمە مانای ئەدەبو زانیاری ئەدەب بوو بە چەشنیکی گشتیو تایبەتی بۆ هەموو گەلو قەومێك . ئیمە ئەمانەوێ لێرەدا لە ئەدەبی کوردی بکۆلینەوەو قسەی لێوە بکەین . لەبەرئەمە پیویستە ئەو چەمکانە ( ٢ ) کە واژەی ئەدەبیان بۆ دانراوە واژەکە بزانین لە زمانی ئیمەدا کە زمانی کوردی یە چی پێ ئەلێنو چی پێ بلێن ؟

وەکو سەیر ئەکەین ئەو چەمکانە کە بەو جورە واژەی ئەدەبیان بۆ دانراوە وە نەبێ واژەکە بۆ ئەوانە لە دەوریکی زۆر کۆنەوە هەر هەبوویت ، بەلکو ئەم باوەررە ــ باوەری چەمکەکانی ئەدەب ــ لە دەوری دوایی‌دا داهات وە وەختێ کەوتە ناوەوە کـە زانیاری‌یە هـۆنراوەو پەخشـــانەکان کۆکرانەوەوخرانە بەینی هەر دوو بەرگی کتێبەوە ، ئەمانەش وە نەبێ تەنها سووچیك لە سووچی زانباری بوو بێتن تا بە پێی ئەو تاقە زانیاری‌یە ناوي بۆ دابنیین وەکـو وێنـەی علمی صرف وە یا نەحو وە یا بەلاغە بەلکـو ئەم هـــەموو ئەگریتەوە پەلیش ئەهاوێژێ بۆ شۆخیو مەتەلو واژەی قەشەنگو قسەی نەستەق . لەبەر ئەم هەموو شـتانەو لەبەر ئەم هەموو گوزارانە واژەی ئەدەب ــ کە لە پێشەوە زانیمان چەمکەکەی‌چی‌بوو ــدایان‌نا بەناو بۆئەو کۆمەلەزور بەسانە ( ٣ ) دیارە ئاشنایەتیش لە بەینی وشەکەو یەکیك

---

( ٢ ) چەمك : مفهوم

( ٣ ) بەسە : مانا ..

وه یا چەند دانەیێك لە ماناکانا هەیە بۆیە هەر ئەم ناوەیان بۆ دانا .

گەلی کورد کە یەکیکە لەگەلەکانی رۆژهەلات بەحوکمی تەبیعەتی ئاری‌یەتی‌هەلسووکەوتی زمانەکەی لەپێش‌داهاتنی ئیسلامیەت‌چەشنی هەلسووکەوتی لەگەل زمانی عەرەبیشدا پەیدا کرد ، وای لێ‌هات بۆ ئەو کەسەی بیەوێ لە بنج‌و بناوانی زمانەکەو لە ئەدەبەکەی تێ بگا ئەبێ ئاشنایەتیەکي تەواویشي لە گەل زمانی عەرەبی‌و فارسی‌دا ( بەتایبەتی) هەبێ .

ئەم ئاشنایەتی‌یە لە گەل زمانی عەرەبی‌دا لە پێش هەموو شتێکا ئەوەمان پیشان ئەدا کە واژەی ئەدەب بۆ ئەم مەعنایانە کە لە پێشەوە زانیمان تازە لە ناو عەرەبەکانیشا داکەوت‌و کردیان بە ناو بۆ ئەم مەبەستە ، ئەمەش لە دەمیکا بوو کە ئەدەبی خۆیانیان خستە ئەم فەسالەی ئێستەوە ، ئەو وەختە توانیان ناوەکەی بۆ دانین ، واتە لە پاش کۆکردنەوەی هەموو چەشنە ئەدەبیکیان ، حوکمی ئیسلامیەت ئەم واژەیەی خستە ناو کوردیشەوە ، ئەمەو دیسان کورد لەبەر ئەو شتانە کە لەمەودوا باس ئەکرێ بۆی نەلواوە لە دەورەکانی پێشوا خەریکی زمانەکەی بێ‌و هەموو شتیکی بخاتە قالبیکی رێك‌و پیکەوە ... بەتایبەتی بۆی نەکراوە مەفهومي ئەدەبەکەی خۆی پیکەوە بنووسێنێ تا ئەو وەختە ناوی بۆ دابنرێ .

کەوابوو ئیستە ئیمە هەر لە ژیر ناوی ( ئەدەب ) دا جارێ ئەمینینەوە ، وە هەر بەو ناوەوە قسە لە ئەدەبی زمانەکەمان ئەکەین ، کە ئەدەبی کوردی‌یە ...

علاءالدين سجادی

# بە ئارەقەو بە خوین ( ١ )

(( ناظم حکمت ))

وەستای گەچکار گۆرانی ئەلێن
گەچکارییش گۆرانی ووتن نی‌یە !
کاریکی نەختێ گرانترە ...
دلّی وەستا گەچکارەکان گۆرەپانی جەژنو ئاهەنگانە ،
کە قورو باوو بەفری تیدا ئەبینی !
دەستەکانیان ئەتەکنەوەو شەقار ئەبن ،
لێرەش نان هەموو دەم گەرمو گورر نی‌یە
قاوەش هەمو جار گەرم نامینیتەوە
بەلکو هەندێ جار شەکریشی تیا نابێ !
هەموو پیاویکی ئێرە خۆ پالّەوان نین
دۆستیش هەمو دەم هەر دلسۆز نابن .
گچکاری گۆرانی ووتن نی‌یە
بەلام وەستا گەچکارەکان
ــ رۆلە سەر کەشەکانن ــ
کوشکو بالّەخانە هەر بەرز ئەبێتەوەو خۆی بە درێژایی
ئاسمان ئەگرێ ...
بۆ بەرزیو بەرزتر ، هەر بەرزتر .
وا لە نهۆمی یەکەما ( گلینە ــ کونج)ی گولّانیان‌ریزکرد ..
بالندەکان بەسەر بالّیانەوە تیشکی رۆژ ئەهێننە نهۆمی
یەکەمو
بالەخانەکە هەر بەرز ئەبێتەوە ،
هەر بەرز ئەبێتەوە بە ئارەقو بە خۆین . ١٩٥٥

---

( ١ ) لە کتیبی : ( ئای لە ژیانی دوور ولاتی چەن کاریکی سەختە ) وەرگیراوە

# خەمی بنەوشە

(( عبدالوهاب بیاتی ))

ئەو ملیۆنەهایەی رەنج ئەدەن ، بیرناکەنەوە لە مەرگی پەپوولەیەكو خەمگینی بنەوشەیەكو چارۆگەی کەشتی‌یەك کە لەبەر تریفەی مانگی سـەوز ، لە شـەویکی هـاوینا ئەبرسکێتەوە یان لە دلداری‌ی شتیکی خەیال .

ئەو ملیونەهایەی رەنج ئەدەنو
رووت ئەبن ،
دائەوەشێن ...
ئەو ملیونەهایەی کەشتی‌یەك بۆ خەوالووێ دروسـت ئەکەن ...
ئەو ملیونەهایەی دەستەسرێك بۆ عاشقیك دروسـت ئەکەن .
ئەو ملیونەهایەی ئەگرین
گۆرانی ئەلینو
ئازار ئەچێژن
لە چوار قورنەی زەوی‌دا ، لە کارخانەیەکی پۆلا یا لە کانێك‌دا ...
لە تاو مەرگی چاوەروان کـراوا ، کـولێرەی ( خـۆر ) ئەجوونەوە ..
لە قوولایی‌یانەوە پێ‌ئەکەنن
پێ‌ئەکەنن ..
دلداری ئەکەن .
بەلام نەك وەکو دلداری‌ی عاشقیك لەگەل خەیالا
لەبەر تریفەی مانگیکی سەوزی شەویکی هاوین
ئەو ملیونەهایەی ئەگرین ..
گورانی ئەلێن
ئازار ئەچێژن
لەبەر خۆری شەوا خەو بە پاروە نانیکەوە ئەبینن .

# منالیکی ڕەش (٢)

## « ولیەم پلیك » ی ئەمریکی

لە دەشتی ( خوارووو ) وە دایکم هەلی گرتووم
ڕەنگم ڕەشەو گیانم ( سپی )
سپی هەروەکو فرشتەو بەوێنەی منالی ( ژووروو )
بەلام ڕەنگم ڕەشە ، ڕەشە
وەك رووناکیم تیانەمابێ .
لە ژێر دارا
دایکم تیی گەیاندم جارێك :
کە چاوەڕوانی پرشنگی ڕۆژی ئەکرد
منی ئەنایە باوەش‌و ماچی ئەکردم
ڕوژهەلاتی بۆ دیار کردم ...
دایکم ووتی :
« ... بڕوانە ڕۆژی هەلاتوو
خوای ئیمە لەوێ ئەژي
ڕوناکی‌و گڕ ، پەخشان ئەکا .
گول‌و درەخت .. دڕندەو خەلك ،
حەسانەوە لە بەیانا
شادی لە نیوە ڕۆیانا
وەرئەگرن !
ئەم ڕوژانەی ڕای‌ئەبویرین گەلێ کورتن ..
ئەبێ ئامانجمان فێربوونی ..
.. شادیی بە پیرەوە چوونی
پرشنگی خۆشەویستی بێ !

←

---

( ٢ ) لە گوفاری الثقافەی میسری ژمارە ١٩٥٢/٧٢٨

ئەوسا ئەم رووە ــ رەشانە
ئەم چەھرانەی روژ لێی داون
پەڵە هەوریکن نامینێن .
وەك دارستانیکن هەڵمان ئەفریوێنن ..
چونکە کە گیان خومان فێرکرد
چۆن بەرگەی گلپەو گرر بگرێ
هەورەکە ئەرواو نامینێ
ئنجا دەنگێ دێتە گوێمان
ئەلێ پێمان :
( لە دارستان ..
وەرنە دەر ، ئەی خۆشەویستان
لە دەوری خەیمەی زیررینم
کومەل بەستن وەك بەرخۆلان .)
دایکم کە ماچی ئەکردم
ئا ، ئەم قسانەی بۆ ئەکردم
منیش ئاوام بە منالە سپی‌یەکە ووت :
« کە ، لەم هەورە رەشەی خوما رزگار ئەبم
توش لە هەورە سپی‌یەکەی خۆت
وەك بەرخۆلە لە دەوری چادری یەزدان
یاری ئەکەین ... زور شادومان . »
ئەیپاریزم لە گرری روژ
هەتا فیر ئەبێ چون تامي شادی ئەکا
لە سەر رانی ( باوە گەورە )
ئەو دەم ئەوەستم لە تەکیا
قژی زیوینی ئەشنێنم
ئەبم بە یەکیکی وەك ئەو
ئەویش ئەوسا خۆشي ئەوێم ..
* * *

# گوێندە دەنگ خۆشەکانی ناوچەی سلیمانی
# ــ لە کونەوە تا ئەمرۆ ــ

**نووسینی : ج . بابان**

لە کوردەواری‌دا دەنگ خۆشو گوێندەی وا هەل‌کەوتوو هەبون‌و هەن کە پیویستە هەرگیز هەر بە شانازیەوە ناویان ببرێ‌و لە هەمان‌کاتدا هەولی ئەوە بدری کە نەهیلرێ ناوی ئەوانەی رویشتون لەبیر بچنەوە پیویستە ناوی ئەوانەی ئیستاش هەن بخرینە پیش‌چاو خۆ ئەگەر بۆ شانازیش نەبی ، با هەر بۆ میژوو بیت‌و بەس .

جا پیش ئەوەی بێینە سەر باسەکە بە پیویستی ئەزانین ئەو گورانی‌و مەقامانە بخەینە پیش چاو کە لە زوەوە وتراون‌و ئیستاش هەر ئەبیژرین‌و هەرگیز نامرن .

**ئەو گورانی‌و مەقامانە ئەمانەن**

قەتار ، ئەللا وەیسی ، لاوك ، حەیران ، ناودەربەندی ، ئای‌ئای ، نەوا ، صەبا ، شۆر ، بەیان ، راست ، سێ‌گا ، چوارگا ، قەزاز ، راست ، حسینی ، ئیبراهیمی ، حەکیمی عورفە ، دیوان ( ۱ )و پاو مووری ، دەشتی‌ی ، حجاز ... تا دوایي

زور لە گورانی بیژەکان‌و مەقامەکان ناویان لە شیعری شاعیرە بەرزەکانی لای‌خومانا هاتوە وەك مصطفی بگی‌کوردی ( ۱۸۰۹ـ۱۸٤۹ ) . لەو پارچە هەلبەستەی‌دا کە بە

دل لە مخنەت کەیلە ئەی پیری موغانی بەزم ساز
هەر ئەتوی بۆ بارەگای عیش‌و طرب مسندطراز
دەست پێ‌ئەکات ئەلي :

( ۱ ) ئەم دوانە هی ناو هەمەوەندن

مەی حرامە گەر بە فتوی زاهدو قولی جدید
( ١ ) پیری من جار جار بە قولیکی قدیم داویە جەواز

( ٣ )                    ( ٢ )

( خاوکەر )ەی ( خاتمە) ( قەتار )ەی (صول )و (سوزە)ی
( ٤ )
نسمە جان

( ٦ )                    ( ٥ )

رەقسی ( سمکە )و ( نازی ) ( شهرآ شـــوب )و غمزەی
سروی ناز

( ٩ )          ( ٨ )          ( ٧ )

( دائرەی مصری ) (چەقانەی گەوهەر) (لەنجەی‌سەمەن)

( ١٠ )
دەنگی چاوەش بێ بەلا هاویتە گیانم بێ نەواز

( ١٢ )                    ( ١١ )

( ئاغا ذا النون ) لێ بدا سینەکەمان فارس گرفت

---

( ١ ) پیری من = شێخی من

( ٢ ) و ( ٣ ) و ( ٤ ) و ( ٦ ) : هەمو گوێندەو دەنگ خۆش‌بونو هەر یەکە بەو مقامانەوە ناویان دەرکردوە کە مصطفی بگ باســـی کردون بە تەنشت ناوەکانیانەوە .

( ٧ ) دائرەی مصری : مەبەسی لە جوریکی کۆرر گرتنی کوردیە

( ٨ ) چەقانەی گەوهەر : واتە چەقەنە لیدان لەلایەن گەوهەرناوەوە

( ٩ ) سەمەن : ناوی ئافرەتیکە .

( ١٠ ) واتا دەنگی گورانی بیژبیت

( ١١ ) ئاغا ذەنون کەمانجە ژەن‌بوەو ئەبی سنەیی یاخود عەجەم بوبیت.

( ١٢ ) فارس : دیسان ناوی موسیقاریکە

( ١٣ )                ( ١٤ )

( ئەلکە ) تەمبورو دەف و أسعد بدات دەستێ بەساز
مستو ابراهیمی ئەورەحمان نەواو فتحی حزین

( ١٥ )

مصطفی بگ ناریو سێگا یونس بلی شهریو حجاز
بارەسول هەلداتە راستو صالح بلی نیوە شەوی

( ١٦ )

محیالدین چوارگاو قەرە دەنگێ بلندکا بۆ قەزاز
جاربەجار بەکزیکەوە هەستی لە پەردەی ظاهری
یارەکەی عاشق کوژو معشوقەکەی دوشمن نەواز
مطرب ئەروابن فیدایان بیت نکیساو بارە بود

( ١٧ )                ( ١٨ )

ساقی ئەروابی بە قوربانی دو دیدەی بێ ئەیاز
مجلس ئەروابێ هەزار جمشیدی جەم فەرراشیە
مەی ئەگەر وابێ بەهای جامیکی أیرانو حجاز

**ئەمانەش گویندەو دەنگ خوشەکانن ( ١٩ )**

١ ــ فەقێ محمد : خەلکی دێی ( قوولە) کە لە سەر

---

( ١٣ ) ئەلکە : یاخود علی ناو تەمبورو دەف ژەنە

( ١٤ ) أسعد : هەمدیسانەوە یەکیکە لەوانە

( ١٥ ) مصطفی بگ : هەندی کەس ئەلین مەبەسی لەم مصطفی بگە خویەتی ! ئەوەی گومانیشی تیا نیە کە مصطفی بگ خوی دەنگ خوشبوە.

( ١٦ ) قەرە : یاخود قەرەنی ئەویش ناوی قەزاز بویژیك بوە

( ١٧ و ١٨ ) دو گورانی بیژو دەنگ خوشی بەناوبانگی کونی عیراقن

( ١٩ ) زوربەی ئەم باسە لە ماموستایانی بەریز نجمالدین مەلای داناو کاك م . هوشەنگەوە وەر گرتوە . زور زور سوپاسیان ئەکەم .

ناوچەی چەمچەماله . سەد سال ئەبێ نەماوه ئەم فەقێ محمده له وتنی قەتارو ئەللا وەیسی‌دا گوینده‌یه‌کی بی وینه بووه سەرەرای ئەوەیش شاعیریشـــــس بوه . ئەم فـــەرده هی ئەوه

قووله‌یی ئەو شەو قووله ( ٢ ) کەرد پێ‌مان
هەم‌بی دەساقی هەم بی وەمەی مان

٢ ــ کەریم سووراحی . خەلکی دێی (هەکز) که لەسەر ناوچەی چەمچـــەماله . له قـــەتارو لاووكو حرەیران‌دا گوینده‌یه‌کی بەناوبانگ‌بوه وه له سەرەتای شەری گەورەی یەکەم سالی ١٩١٤ دا کوچی دوایی کردوه .

٣ ــ فەرەج : خەلکی دێی پوشینی ناوچەی سروچك ( برزنجه ) بووه . گویندەی تایبەتی شیخ مصطفی‌ی نقیب بووه . له گـــورانی حـــەیران‌و لاوكو ناو دەربەندی‌دا زور تواناو دەنگ خۆش بووه .

٤ ــ ســـەی کەریمه کویره : خـــەلکی دێی ( دۆلآن )ی ناوچەی قەرەداخ بووه . له مەقامی ( حـــەیران ) و( ئەللا وەیسی )و ( ئای ئای )دا گورانی بیژیکی زور دەنگ خۆش بووه .

٥ ــ حاجی صالحی سابون‌چی : خەلکی سولەیمانی‌و له هەمو مەقامیکدا شارەزابووه وەکو : نەوا ، صەبا ، شـــۆر بەیات ، راست ، سێ‌گا ، چوارگا ، قەزاز ، حســــــینی ، ئیبراهیمی ، حەکیمی ، ناو دەربەندی ، قەتار ، حـــەیران ، لاوك . له سالی ١٩٣٢ دا کوچی دوایی کردوەو بەناوبانگ بوه به حاجی سالحه شەلەی سابون‌کەران ، خوا لی‌خوشبو هەم گورانی بیژو هەم گویندەش بوه که ئەم دو توانایه له کەم کەسدا کۆ ئەبیتەوه .

حاجی صالح له هەمو شوینیك گورانی نەوتوه به تایبەتی جارو بار چوته لای شیخ محمودی حفید گورانی بۆ ئەو وتوه

( ٢ ) قووله : بانگ‌و چریکه ، کاره ساتیشه

# بو كونگرەی شەشەمی خویندكارانی كورد
## لە ئەوروپا

برایانی تیكوشەر ..

بە ناوی دەستەی بەریوەبەرانی یانەی سەركەوتنی كوردانەوە لە بەغدا ، گەرمترین سەلاوی یەكیتیو برایەتیتان پیشكەش ئەكەین رولەكانی كورد ئەو رولە كوردانەی كەوا بە ناوی خویندەواریەوە چونەتە وولاتان بو ئەوەی لە لایەن ئەو بەهرەیەوە ، وولاتەكەیان لە چنگی موتەكەی نەخویندەواری رزگار كەن .

ئیمە بەو ناوەوە پیروزبايي ئامانجەكانتان ئەكەین وە هیوادارین هەمیشە لە هەمو پلەیەكی بەرزتانا پیشكەوتوبن. سەركەوتوبن.

ئەبی ئەوە بزانن كە نەتەوەیكورد لە وولاتیكوردستان چاوەروانی تیكوشانو كوششی ئیوەیە ، ئیمەش بەناوی یانەكەمانەوە ئەو هیوایەتان هەر لی ئەكەین .

دكتور صديق ئەتروشي

باوەر پیكراوی یانەی سەركەوتنی كوردان

---

→

جار جاریش چوتە خانەقای مولانا لە سلیمانی لە گۆررەی خەتما بە ئاوازی حەزین چەند فەردیكی وتوە پیاوی هیناوەتە گریان .

شاعیری مەزن خوالی خوشبو ملا محمودی پینجوین بە بونەی كوچی حاجی صالحەوە لە كاتی خۆیا ئەمەیوتوە!

كە سالی مغفرەتی حاجی صالحم پرسی
لە شاعیریكی وەكو بیخودی بدیعەنكات
ئەویش مناسبی ئەو جان فدای ساداتە
وتی ( شهيد صحيح محبت سادات )

واتە میژوی كوچی حاجی صالح بە حسابی أبجد ئەكاتە سالی ١٣٥١ی كوچ

**( ماويەتي )**

ئەنیشتین :

# ئەو مێشکەی بناغەی لەناو چوونی دانا

وەرگێری : ك . ف

● لە ( برتراند رسل ) فەیلەسووفی ئینگیزیان پرسی « یەکەم پیاو کێیە کە لەنیوەی سەدەی بیستەما دەرکەوتبێ ؟ » ووتی « ئەلبرت ئەنیشتین »ە

● ئەنیشتێن لە ١٤ی مایسی ١٧٨٩ لە شاری ( ئولم) لە ئەلمانیا لە دایك بوە

● لە پانزە سالیا هەموو نووسینەکانی یوکلید ـ دانەری أصولی هەندەسە ـ و نیوتن و سبینوازی خویندەوەو تێگەیشت

● ناو نرا « گیژۆکە » لەبەر شەرم و سەبرو قوول بیر کردنەوەی

● پاش ئەوەی قوتابخانەی هونەری هەندەسی تەواو کرد چووە دانیشگای ( زیۆریخ ) وە هەروەها ، بووە ماموستای قوتابخانەی بەرز ، وە لە دوایی‌دا بوو بە هی قوتابخانەی ( شانهاوزن )یش .

● هەمیشە قسەی ( ئەیمر سۆن )ی ئەووتەوە « .. ئەو ئادەمیزادەی کۆل نادا لە گەیشتن بە ئامانجی ، ئەوەنەی پێناچێ هەموو دونیا بە شوێنیا ئەگەڕێن ! »

● لە ٢٢ سالیدا یەکێك لە قوتابی‌یە کچەکانی هاورێی قوتابخانەی هێنا .. ئەوەی کە سرنجی هەموو کەسیکی رائەکیشا چاوەکانی ئەنیشتین بوو کە زیرەکی‌و خۆشەویستی‌و نهێنی شاردنەوەی تیا ئەکولا .

● لە سالی ١٩٠٣دا پەڕاوی‌یەکی پینج پەڕەیی بلاو کردەوە لە ژیر ناوی ( تیبینی نسبی تایبەتی )وە دوا بەدوای

ئەمە پەرراوی‌یەکی حەوت پەرەی ( تیبینی نسبی گشتی) .

● ئەوەی بووە هۆی بەرز بوونەوەی ئەو بیرو باوەرە بوو کە دەری بری ( ئەو یاسایانەی دەسەلاتیان بەسەر ( مادە ) یا گرتووە ، هەر ئەوە دەستی بەسەر هێزا گرتووە وەك کارەباو موگناتیس .. یانی مادەو هێز دوو وینەن بۆ یەك شت ، بەلام ئەو پەیوەندی‌یەی پێکیانەوە ئەبەستێ ( نەگۆررە ) ، مدەی کات کورت‌و دریژ ئەبێ بە پێی سروشتی شت . سعات بە نیسبەتی مێرولە وەك سعات نی‌یە بە نیسبەتی پیاویکی خێرا بە کورتی چوار ماوەی هەیە ، دریژی ، پانی ، بەرزی ، ئەوی‌تریان کە نیسبی‌یە جوولەیە ) .

● یەکەم یاسای کە داینا ئەمە بووو :

هێزی شاردراوە = قورسی × ( خێرایی رۆژ ) ۲

وە لە دوایی‌دا ، ئەم یاسایە بووە بناغەی چەکی ئەتۆمي .

● شانزە سال‌خەریك‌بوو ، تەنیا ئەو تاکە معادلەیەی تاقی ئەکردەوە ، کە چەکی ئەتۆمي پێ دروست کرا .

● ا سالی ۱۹۱٥دا دەری خست کە هێلی راست « خط مستقیم » کورت ترین ریگا نی‌یە لە بەینی دوو نقطەی زانراوا .

● پاش ئەوەی چەکی ئەتۆمي دروست بوو وتی « من بۆ زانیاری‌و زانستی ئەمەم کرد ، ئەگەر ئەم ئەتۆمە زیان بە ژیان بگەینیت ، من هیچ پەیوەندیکم پیوە نی‌یە ..من بەریئم لی‌ی »

● لە ماوەی ژیانی‌دا گەلی پەراوی دەرهینا دەربارەی ئاشتی‌و نەهیشتنی بەرپا بووني جەنگی لەناو چوون .

● کە پاداشی ( نوبل )ی وەرگرت ، پارەکەی بەسەر هەژارو بێ‌کەسانا دابەش کرد .

● دەربارەی نازی‌یەکان ووتۆیەتي « دوژمنی گەلانن»

# ئەی هۆنراوە

عبدالرزاق محمد

لە کوێی ئەی دەنگی هۆنراوەی درەوشەدار
ئەی ئەستێرەو گوڵدانی پڕ
گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی بەهار
لە کوێی .. لە کوێ ؟
لە دوا لوتکەی کام شاخی بەرز ،
لە کام مێرگۆڵەی دەشتی سەوز ،
کانیاوەکەت .. ئەجریوێنێ ؟
ئاوازەی مەستی ئەچرێنێ ! ؟
ئەی کانی زیواوو گولاو
لێوم لێوی بیابانە ،
بیابانی گەرمو سوتاو
چون ئەگەمە زیواوەکەت
گولاوەکەت ،
لێوم تەڕ کەم بە فێنکی یەك دڵۆپە ئاو !
ئەی دەنکە ئەستێرەیی‌یەکان
ئاخ . چۆن . کەی خڕتان‌کەمەوە
هۆنراوەکەم بهۆنمەوە
تاکو پێی برازێنمەوە گەرنی ژیان ! ..
هەر چەن ئەمڕۆ
وەستاوم ، شێواو ، سەرگەردان
بە پەستیو شێواویمەوە ...
بە هیوای تۆزاویمەوە .

ــ که دوێنێ بوو له خۆڵی مەینەتا گەوزي !
که گیان سەتاپا بۆی لەرزي . .
ئەڕوانمه ناخی دەروونم
بەلکو مایەی ڕەنجەڕۆیی‌و وەرز بوونم
ئەبینم لەم ئاوینەیه .
بەڵام ئاوێنەکەی دەروون
وەك ئەو بیره لێله وایه ،
که هەر بێتو هەڵکا بایێ
چی پێ بووبێ خاشاك هەمووی له ناوایه !
ئەی کوانێ کانیاوی وەنەوز
کەوایه له دوا شاخی بەرز
له ناو مێرگۆلەی دەشتی سەوز ؟
ئەمه دەروونی من نی‌یه
گوایا ئێره کانگای شیعره
ئیره کووچەو ئاوایی‌یه
ئای لەم راستەقینه سەیره .

* * *

ئەی هۆنراوه ،
ئەی دەزووی رووناك ، ئەی باوەڕ
له تاریکی شەوی ترسا
لەگەل دەروونا سەرومڕ
گازت ئەکەین ، به گۆرانێ
به بەستەی خەماوی‌و بەگورر
ئەی هونراوەی ، درەوشاوه ــ
مرواری‌یەکان
وەك گوڵو ئەستێرەی شەوان
لەکوێن تا کۆتان کەمەوه
دەنك دەنك بۆ ملوانکەی ملی ژیان
جادویی ، بتان هۆنمەوه . . .

## زمانەوانی

# ئاژاوەی زاراوەکان

**بەغـدا : عبدالستار کاظم**

ئەوەی جي شانازیە ، ئەو هەسـتە پیروزەی کە لە گیانی لاوە خـوێندەوارە دلسـوزەکانمان دەرئەچي ، بو پیویستي چاك کردنی زمانەکەمان، هەر دلسوزە لە لایەکەوە بەپی توانای خـوی لچکی چالاکـی لی هەلکـردووە بو لیکولینەوەو دووانو پشکنینو نوسین لەبارەی سەرکردنی ئەم هەمو دەردە سەریەی بەسەر شیوە کوردیەکانا هاتووە. بەلام لاموایە هەندی لەم نوسەرە بەریزانەمان بە هەلەچوون چونکە تەنیا لەسەر ئەو شیوەیە ئەنوسـنو چارەی بـو دائەنین کە خویان قسەی پیئەکەن . سەرەرای ئەمەشـ ئەیانەوی بە هەمو کوردیکی بسەلمینن کە ئەو شـیوەیەی خویان پیوە بە ستوتەوەو چارە سەری ئەکەن ، لە هەمـو شیوەکانی تری کوردی پیشکەوتوترەو پیویسـتە ببیتە زمانی نوسینو زانیاریو هونەر ... بو ئەمەشـ گەلی بەلگەی وا ئەهیننەوە کە لایان وایە ، ئیتر هەمو کورد بیرو باوەرەکەیان سەلماند .. ئەم نووسەرانەش سـە بەشـن ، هەندیکیان لەو باوەرەدان کە شیوەی سورانی بوتە زماني نوسینو دانانو هونەرو زانیاری ، وە ئیتر پیویست ناکا خومان بە شیوەکاني ترەوە ببەستینەوە . ئەما دەسـتەی دووەمیان داوای بلاوبونەوەو پەرەسەندنو پیشـکەوتنو زلبوني شیوەی بادیناني ئەکەن . .بەلام ئەو دەستە تازەیەی

که داوای « موتوربه ـ تطعیم » ي شـــیوه‌کاني کـوردی ئه‌که‌ن .. زور به گه‌رمي هه‌ول ئه‌ده‌ن ، به زوو ترین کات‌و به نزیك‌ترین رری‌راستي بیرو باوه‌ریان بچه‌سپینن ..

ئه‌وانه‌ی ئه‌یانه‌وی بادیناني به سه‌ر شیوه‌کاني تری کوردیا زال ببي .. ئه‌لین : شیوه‌ی بادیناني ســـه‌ره‌رای زمانی زوربه‌ی نه‌ته‌وه‌ی کورده ، گه‌لی شـــتیکی وا ریکو پیکیش هه‌یه که وامان لی ئه‌کات بیکه‌ینه زماني گشت گه‌لی کورد ، بو راستی ... ده‌رخستني گیاوازی له به‌ینی نیرو مي‌دا له قسه کردن .

واده‌رئه‌که‌وی ئه‌م ماموستایانه ئه‌وه‌یان له‌بیر بردوته‌وه که ئه‌وه مه‌رج ني‌یه ئه‌و شیوه‌یه‌ی زوربه‌ی کـوردی زمان قسه‌ی پي بکا ، بیته زمانی زانیاری‌و هونه‌رو ئه‌ده‌ب .. بي ئه‌وه‌ی بگه‌رینه‌وه‌و ته‌ماشای ئه‌وه بکه‌ین ، وه بزانین چه‌ند گورینی به سه‌ر پیته‌کانیا هاتووه . چاویان له لی‌کولینه‌وه‌و شی کردنه‌وه پوشیوه له به‌ینی ووشه‌ی هه‌مو شـــیوه‌کاني کوردی . ئه‌م ماموستایانه ، به ته‌واوی له‌وانه ئه‌چن کـه ئه‌یانه‌وی زماني « جلفه ـ به نسبه‌تي عه‌ره‌به‌وه » بکه‌نـه زماني ئه‌ده‌ب‌و زانیاری‌و زانستي له‌جیاتی زمانی‌ـ فصحی‌ـ

به‌لام ئه‌و ماموستایانه‌ی که خویان به شـــیوه‌ی سورانیه‌وه به‌ستوته‌وه ، ئه‌لین : هــه‌ر چه‌نده ســـوراني به‌شیك له کوردی ئیره قسه‌ی پی ئه‌که‌ن ، به‌لام ده‌میکه به‌و شیوه‌یه ئه‌ده‌ب ئه‌نوسری‌و گرامه‌ریکی ریکو پیکی بو دانراوه که خه‌ریکه جیگای خۆی بگری. وه هه‌روه‌ها ئه‌م شیوه‌یه‌ش وه‌ك شیوه‌ی بادینیاني گه‌لی شتی ریکو پیکی تیایه . به‌لام وا ده‌رئه‌که‌وی ئه‌م نووسه‌ره به‌ریزانه‌مان سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی لی‌کولینه‌وه‌یان خستوته پشت‌گوی ، له خویان بایي بوون . خو ئه‌گه‌ر ته‌نیا چاویك به‌سه‌ر ئه‌و زاراوانه‌دا بخشینن که ئه‌م ماموستایانه دایان‌ناوه بومان ده‌رئه‌که‌ویت چه‌ند بـه ناریکی داندراون وه چون ته‌ماشـــای گرامه‌ری کـــوردی

نەکراوەو گوی نەدراوەتي . وە بەم کـردەوانە نەك تەنیـا زیانیان لە زمانەکەمان داوە ، بەلکـو ئەم بەم چەشـــنە دووچاری ئاژاوەي زاراوە بوین .

بەلام شیوەی لوری کـه بە هەلە بە ــ فەیلی ــ ناو ئەبری ، وا دەر ئەکەوي خۆي دور گرتووە لەم کەینو بەینە، چونکی زوربەی ئەو کوردانەی قسەی پي ئەکەن چ لیرە وەیا لەو دیو دوچـاری نەخـۆشـــي نەخـویندەوارین . وە بویە ــ بە داخەوە ئەلیم ــ هەندی لە کـــوردەکان داوای ئەوەیان کرد کە ( جنسیە )ی کـوردی لی وەرگـــرنەوە ، چونکە گوایا « لوری ــ شیوەیەکە لە شیوەکاني فارسي »!! بەلام با ئەو ماموستایانە بیزانن کە کوردیو فارســی دوو خوشکن لە یەك دایك ، ئەگەر یەکیکیان دایکی ئەوی تریان نەبي .

ئەنجا با بیینە سەر موتوربە : پیش هەمو شتیك ، خویندەواری خوشەویست موتوربە مانای کە شـــیوەیەك ــ بە تایبەتی سوراني ــ وەك داری لیمو لقی داری تری بو بینریو موتوربەی لە سەربکەن . ئەمەش وا دەرئەخا کـە ئەو لقانەی بوی ئەهینری ، گەلی گەلی لیك جیاوازن تەنیا ئەوە نەبی کە لەوەختی خویا لە یەك ( فصیلە ) بوون .

بەم پیـیە ، وا دەر ئەکەوی ئەم ماموستایانە ، هــەر شیوەیەکیان بە زمانیك داناوە ، وە تەنیا ئەوەنە هەیە کـە لە کونا هەمویان لە یەك دایك بوون . بویی ، داوا ئەکەن کە ووشەیەك ، لە شیوەیەکي ترەوە بینن‌و موتوربەی بکەن لە شیوەی سوراني .. وە ئیتر شیوەکانی تریش بخرینە پشت گوی . وە یا هەر بە یەکجاری لە ناویان بەرین .

ئەم ریگەیەشـــ زیانیکی زور ئەدا لە زمانەکـــەمان ، سەرەرای ئەوەی کە پشتمان سارد ئەکاتەوە لە چاك کردنو یەکگرتنەوەی هەمو شیوەکاني کوردی بي جیاوازي .

خویندەواری بەریز : هەمو ووشەیەکی کـــوردی لە

هەمو شیوەکانا کەیەك مانا ئەدا لە یەك سەرچاوەوە هاتووە، بەس هەندی گورینی تیا روو داوە ، بە هـــوّی جیاوازی سروشتيو بەرهەلستە دروست کراوەکانی بەردەمی کورد لە هەمو پارچەکاني کوردستانو لیك نزیك بونەوەو تیکەل بونمان لە گەل نەتەوەو گەلەکاني دراوسیمان . وە بو ئەم راستەیش با چاو بە هەمو ووشەیەك بخشینین کە یەك مانا ئەدا لە هەمو شیوەکان .

تەنیا بە چاو پیا خشانیك ، بە هەمو شیوەکاني کوردیا، راستي لیك دور نەبوی شیوەکانمان بو دەرئەکەوی ، وە ئەوەمان بو روون ئەکاتەوە کە لە تواناماناهـــەیە بیکـــەینە زمانی ئەدەبو زانیاریو لە گەل پیویستی شارستانیەتي ئەم سەدەیە بروا .

ئیمە ناتوانین بلین زمانی کوردی گـــورانی تیا رووو نەداوە ، وە یا ووشەی بیگانەی تیا نیە ، بەلام ئەوەی جیگای شك نیە « ئەو ووشە بیگانانە ، لە جیگای ووشەیەك دانراوە کە یا لەبیر چوتەوە وە یا بەرەو لەبیر چونەوە ئەچي » لەبەر ئەوە پیویستە بە شـــــیوینیانا بگەرین ، نەوەك بکەوینـــە دارشتنیکی بەرەللای .

بو ئەمەش پیویستمان بە خو لی بوردن هەیە چ بەمال چ بە « ئیستراحەتی »

ماموستایان : ئەوەنەی پیویستمان بە لیکـــولینەوەو پشکنین هەیە لە رەگو ریشەی ووشەکانی کوردی ، لە هەمو شیوەکانا ، ئەوەنە پیویستیمان بە بلاو کردنەوەی نوسراو نيیە لە سەر جیاوازی بەیني شیوەکان .

ئەگەر بەنیەتیکي راســـتو گیانیکی پر لە هیـــواو دلسوزانەو چالاکانە ، تی بکوشینو خو پەرستيو بروای گویرانەکردن لەناومانا رەك ببرین ، ئەم کارە گـــــرانە زور سوكو ئاسان ئەبی ، وە بەرهەمیکی نویمان دیتە دەســـت کە ئەویش « زانیاری زمانە ــ علم اللغة » . ئەو زانیاریەی

كه هەمو شیوەكانمان بوشي ئەكاتەوەو بي كەمو كـــوری ریكی ئەخاو پەرەی پی ئەسینی ... ئەوسا گرامەریكـی كوردی چەسپاوی ئەبیو پەلو پو بە ئەدەبو نوسینەكانمان ئەدا .

راستە ، لەم ماوەی دوایەدا هەست بە جولانەوەیەكی ئاشكرا كرا بو دانانی گرامەرو فەرهەنگی كـــوردی ، بەلام سەرەرای كەمی ئەم دلسوزانە ، كارەكەشـیان بي كـەمو كوری نەبو ، وە هۆی ئەمەش لە سەریكەوە چونكە كاری تەنیا كەسیكە ، وە هەروەها نووســـەرە بە ریزەكانمـان شارەزاییان نەبووە لە هەمو شیوەكانی كـوردی ، بیگـە لەوەی شارەزایشیان لە زمانە كانی روژهەلات نیە ، بەتایبەتی فارسیو توركیو عەرەبی ، كـــە كاریان كردوتە ســـەر شیوەكانی كوردی . جگە لەوەی كە پیویستە لاتینی بزانن لەگەل زمانە كونەكانی روژهەلات وەك سنسكریتی .

شتیكی ئاشكرایە ئەم كارە گرنگە ـ دانانی زانیـاری زمان ـ بە چەند كەسیك نایەتە بەرهەم كە هەر یەكە لـە قولیكەوە ئیش بكا . لەبەر ئەمە زور پیویستیمان بە ( كو زمانیكی زانیاری كورد ـ مجمع العلمی اللغوی الكردی) هەیە كە دەستەیەكی داناو دلسوز لە كورد سەرپەرشتی بكـاو تیایا بجولیتەوە .

تەنیا بەم ریگەیە زمانەكەمان لەم ئاژاوەیـــە رزگاری ئەبیو جیگای خۆی ئەگری لە تەك زمانە گرنگەكانی بیگانە . ئیتر هیوامە ئەم كارە گرنگە بكەویتە ســـەر زمانی هەمــو دلسوزیك ، بو دوان لیی .. تاكو بە زووترین كات ئەم بیرە گەلالە ببیو دەستی پیكری .

❋..........★..........❋

# زمانە کەمان

به پینوسی : جمال جلال عبدالله
لە ( مەشیگان )ەوە ..

## ١ ـ پیت یا تیپ

تا ئیستا سێ چوار جار ئەم باســـە تازە کراوەتەوە بێ ئەوەی لێ کۆ لەرەکان بگەنە ئەنجام دەربارەی راستی بەکار هینانی یەکیك لەم دوو وشانەی سەرەوە . سەیریشـــ ئەوەیە نووسەرەکانئەم پرسە ناخەنە بەر خوێندەوارەکانویا ناچن ژمارەیەکی تەواوی بەکار هینانی ئەم دوو وشەی بکەن بو ئەوەی لیان ئاشکرا بێ کامیان زیاتر بەکار ئەهیندرین . چونکە وەك هەموان ئەزانین تنها زوربەی خەلکە ئـەتوانی بڵی کام وشە باش یا باشترە بەکار بهینری ، نەك چـەند نوسەریك کە حەز ئەکەن بگەرین بە دوای هەندی وشەی بەکارنەهینراو .

بینەوە سەرەو کاری ئەم دو وشەیە « پیت » مانای شتیکی پچـوك ئەگریتەوە وە لەبەر ئەوەی « حـرف » پچـوکتریـن پیـوانەی دەنگیکـی تایبەتیـەPhoneme ( ئەگەر چی ئەو دەنگە دوو سێ شیوەی جیاوازی هەبی لە کاتی دەربریندا وەك « ك » لەم وشانەدا : کاك ، کیرد ، کەو کوێر .) وا ئەزانم کە واژەی « پیت » بەکارهینان بەرامبەر « حرف »ی عەرەبی زور چەسپو پەسندە .

بەلام واژەی « تیپ » کـە کورد بەکاری ئەهینـی بو شتیکیتر وەك تیپی فوتبول ... هتد زور راستنیيە بەکار

بهینری بو « حرف » چونکه له پیش هەمو شتیکدا زوربەی کورد وای بەکارناهینی و له زمانه کونەکاندا ئەم وشـەیه هەرگیز بەم مانایه بەکار نەهینراوه هەر چەندە هەنـدی ماموستایان وا ئەلین .

ئەوەی ئاشکرایه ئەم ووشەیه له « تایپوس »ی لاتینی وەرگیراوه یا له « تیپوس »ی یوناني ئەمانەش هیچیـان مانای حرف ناگرنەوه .

هەروەها نه زمانی انگلیزیو نه فەرەنسي « تایپ » بەو مانایه بەکار ناهینن .

کەواته وا دەر ئەکەوی بەکار هینان وشەی « پیت » بو حرف باشترەو جێگیرتره له وشەی تیپ .

## ٢ — پیتی بێ دەنگو دەنگدار

ماموستایاني زمانی کوردی دوو وشـەی تر بەکار ئەهینن که بروا ناکەم بەکار هینانیان زور راسـتبی . ئەوانەشـس « پیتی بی دەنگ » بو الحـروف الصحیحه یا Consonant Letters . و « پیتی دەنگدار » بو حروف العله یا Vowel Letters .

شارەزایانی دەنگو دروسـت بووني Phoneticians بەو دەنگانه ئەڵین بێ دەنگ که له کاتی دروست بوونیاندا له نـاو دەمو قورگـدا رایەلەکانی دەنـگ له ناو قورگـدا Vocal Cords نالەرێنەوه وەك دەنگی ف ، پ ، ت ، ش ، س ك ، ... هتد . وه بەو دەنگانه ئەڵین دەنگدار که له کاتی دروست بوونیاندا ئەم رایەڵانه ئەلەرینەوه و دەنگ پەیدا ئەکەن وەك ف ، ب ، گ ، ژ ، م ، ن ..... هتد .

لەبەر ئەوه من لەو بروایەدام که وشەی پیتی بێدەنگ بەکارهینان بو هەمو جوره دەنگیك ( دەنگدار و بێ دەنگ ) به تیکرایی و بي جیاواز کردنەوه راست نيیه . هەر ئەمەشـه

هانم ئەدا داوا بکەم لە زمان زانەکانمانو ماموستای زمانی کوردی کە ئەم ناوە بەکار نەهینن ، ووشـــەیکيتر بەکار بهینن لە باتی ئەوە وەك پیتی « تەواو »

هەروەها بەکار هینانی ناوی « پیتی دەنگدار » بـو « حروف العلە » تەواو نيیە چـونکە وەك لە سـەرەوە دەرمان خست « پیتی تەواو » ئەکرین بە دوو جور ، یا دوو بەشن ، دەنگدار و بێ دەنگ . و بو ئەوەی ئەو دوو چەشنە پیتە جیاکرینەوە لە یەکتر بە ئاسانی ، پیویستە وشەیکي ( ناویك ) تریان بو بەکار بهینن . واش ئەزانم کە ووشەی « پیتی بزوین » کە کاك نوری علي أمین لە رێزمانەکەیـدا بەکاری هیناوە زور باشو چەسپە .

ئەبی ئەوەشمان لەبیر نەچیتەوە کـە پیتی بزویـن هەمویان دەنگدارن وە لە کاتی دروستبونیاندا هـەوا لە سيیەوە دیتە دەری بو قورگو ناو دەم وە بەسـەر زمانا تێپەر ئەبی بو دەرەوە . وە لە کاني دروسـتبونیاندا رایەلەکاني قورگ ئەلەرینەوە . زمانی کـوردی نۆ پیتی بزوینی هەیە بەلام تنها حەوتی ئەنوسریت بەو پیتانەی کە ئیستا بەکار ئەهینرین بۆ نوسینی ئەمانەش : ئا ، و ، ۆ ، وو ی ، ێ ، ە .

## ٣ ــ باسی هەنی وشەی لیکدراو

لە ژمارە ( ٣٢ )ی هیوا ماموسـتا طاهر صـادق پیشنیاریکی زمانەوانی بلاو کردبووە باسي هەنـدی ناوو ئاوڵناوی لیکـدراوی تیا کردبوو بە شـیوەیەکي کالو ساویلکانە .

لە ژمارە ( ٣٣ ) ی هیواشدا ماموستا پاکیزە بژاریکی سەرپێی کرچی ئەو پیشنیارەی کردبوو . هەر لەبەر ئەوەیە بە پیویستم زاني برێك لە دروستبوونی ئەو ناوو ئاوەڵناوە

بدوێم بەو هیوایەی کە خوێندەواری کـورد کەلکي لێوەر بگریت .

١ ــ روژ ژمیر : ناویکی لێکدراوی سادەیە ، لە دوو ووشەی سادەی تەواو دروست بووه : « روژ »و « ژمیر » هەر دوو پیتی ( ژ ) دەنگدارن وه دەر برینیان گران نيیە بو کورد زمان چونکە ئەگەر گوێ لە کوردیك بگـرین لە کاتی وتني ئەم ووشەیە بە ئاشکرا ئەبێین کـە هەردوو پیتـە دەنگدارەکە دەرئەبرێن . لەبەر ئەوه پیویست نیيە تیپیکی ( ژ ) فرێدری لەم ووشەیە هەر لەبەر جوانکردنی .

٢ ــ ئاوێنە : یەك ووشەیە سادە نەك لیکـدراو وەك هەردو ماموستا بلاویان کردبووه ، چونکە ئەم ووشەیە لە « ئاو »و « وینە » دروست نەبووه . بەلگەش بو ئەمە ئەوەیە کە لە زمانی فارسي کۆنو پەهلەوی کە دوو رەگي گەورەی زمانی کوردین ووشەی «ئاینە» کە ئاوینەی خومانە هەر تاك بووه و بەو مانایەش بەکار هینراوه لە دیر زمانەوە .

هەروەها لە زمانی « بلوچی » کە یەکیکە لەو زمانانەی زور نزیکن بە کوردی چونکە ئەویش وەك زمانەکەی ئیمـە زمانیکی هیندی ایرانيیە کە لقیکی گەورەی ئەو کـومەلە زمانـەی کـە پي ئـەلین Indo-European ..... ووشەی « ئاوینە » تاکە و لیکدراو نيیە و هیچ پەیوەندیکی نيیە نەبە « ئاو »و نەبە « وینە » .

٣ ــ قژن : ئاوڵناوه لە زمانی کوردیدا هەندی ناو هەن کە بە پاشگری ( ــ ن ) ئەکرین بە ئاوڵناو وەك ورگ ــ ورگن، گووپ ــ گووپن ... هتد .

ئەوه ئاشکرایە ئەم ووشەیە تاکە و لیکدراو نيیە وەك کاك صادق ئەڵیت لە پیشنیارەکەیدا .

٤ ــ نیوەرۆ : ووشەییکە لیکدراو لە « نیو »و « رۆ » دروست بووه .

( ــ رۆ ) پارچەییکی پاشگرە چونکە بە تەنها ناوتریتو

بەکار ناهینریت ، ماناکەی « روژ » ئەگریتەوە .
زانیارەکاني زمانو زمانەواني دوو بەشن .
١ ـ ئەوانەی باسي میژووی زمان ئەکەنو خـــویان خەریك ئەکەن بە دوزینەوەی اصلی ووشەکانو چونيیەتی زمانیك لە کاتیکی رابوردوودا . ئەمەش تەنها ســـوودی ئەوەی هەیە کە لە زمانەکانی تر شـــارەزابنو شـــیوەی گورینەکانیان بزانن . ( زمانی انگلیزی کون زور جیاوازی هەیە لە گەل انگلیزی تازەو زور کەم لە یەك ئەچن ) .
٢ ـ ئەوانەی کە باسي زمان ئەکەن لەو کاتەی کەتیا ئەژین ، بی ئەوەی گوێ بدەنە کونو شیوەی زمانەکە لەمەو پیش .و هەر لەسەر شیوەی زمانەکە لەوکاتەدا هـــەوڵ ئەدەن ریزمانەکەی بدوزنەوەو چونیەتي دروســـت بووني ووشەی لیکدراو و رستە .
ئەگەر ئیمە بمانەوی باسي زمانەکەمان بکەین کـــە چونە ئیستا ، ئەوا پیویستە بڵیین(ـ رۆ) باشگرە بی ئەوەی گوێ بدەینە ئەوەی ئایا لە « روژ » هاتوە یا نەء
هەر بەم جورە ئەتوانین ووشـــەی « جوامیر » لیك بدەینەوەو بلیین کە ئەمە ووشەیێکی لیکدراوە وە لـــە دوو پارچە دروست بووە یەکیکیـــان پیش‌گرە « جوا ـ» دوو هەمیشیان «ـ مێرە »ە کە پارچەی دووهەمیتي .
بۆگەن : ووشەیێکی لیکدراوە لە ( بۆ ـ )و ( گـەن ) دروست کراوە .
( بۆ ـ ) پیش‌گریکە زور بەکار ئەهینریت لە کوردیدا ئەم ووشانە هەمویان بە هوی ( بۆ ـ ) دروســـت بوون :
بۆکز ، بۆچەك ، بۆبا ، بۆدرن ، بۆسۆ ، .. هتد
ئەمەش پیشانی ئەدات کە پارچەی یەکەم پیشـــگرە مانای « بۆن » ئەگریتەوە .
باگردێن : ناویکە لە پیشـــگریكو ووشـــەییکیتر دروستکراوە پیشگرەکە لەم ووشەیەدا « با ـ » یە کە بە

مانای « سەربان » یا « بان » بەکار ئەهینریت .

بروا ناکەم کە « ن » فڕیدرابی لەم ووشەیە چونکــە کەوتوتە نزیك پیتی « گ » چونکە ووشەی ترمان هەیە ئەم چەشنە گورینەیان بە سەردا نـــەهاتوە وەك ( بان گیرو بان گوش ) . ئەمەش بەلگەیەکي تەواوە بو ئەوەی (با ــ )دابنین بە پێشگیر .

نەمر : ووشەیێکی لیکدراوە ( ئاوڵناوە ) ، لە ئامرازی نفی ( نە ) و رەگي فەرماني مضارع دروست بووە نەك وەك ماوستا صادق ئەلیت لە ( مردن )ەوە هاتوە .

ئەوەی ئاشکرایە ئەم چەشنە ئاوڵناوانە زورن وە بە هوی ئامرازی نفي ورەگي فەرمان دروست ئەبن :

فەرماني ( ئە ــ مر ــ یت ) لە سێ بەشەوە دروست بووە .یەکەم نیشانەی مضارعە ، دووهەم رەگی فەرمانە ، سیهەم راناوە .

ئەگەر رەگی فەرمانەکە وەرگرین‌و بیخەینە پال ( نە ) ئاوڵناو دروست ئەبیت : سەیری ئەم ئاولناوانەی خوارەوە بکە :

نەفام لە نە + فام دروست بوە تەماشای ئە‌ــفام‌ــیت بکە

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نەناس = نە + هات | = | = | ئە ــ ناس ــیت | = |
| نەهات = نە + هات | = | = | ئە ــ هات ــیت | = |
| نەبەز = نە + بەز | = | = | ئە ــ بەز ــ یت | = |
| نەویست = نە + ویست | = | = | ئە‌ ــویست | = |

٥ ــ لە ووشەی ( دەستتان ) ، پیتی ( ت ) ئامرازی کۆ نی‌یە وەك لە هیوای ژمارە ( ٣٣ ) باس کرابوو . ( ــ تان) ئامرازی کۆیە ، راناویکي پاشگرە کە بو قسە لە گەلدا کراو ( مخاطب ) بەکار ئەهینریت . ئەمەش لە گەل ناوو لەگەل فەرماني رابوردوودا بەکار ئەهینریت :

لەگەل ناو : براکەم ، براکەت ، براکەی ، براکەمان ، براکە**تان** ، براکەیان .

له گه‌ل فه‌رمانی رابوردوو : نوسیم ، نوسیت ، نوسي، نوسیمان ، **نوسیتان** ، نوسییان

ئه‌م پاشگره ئه‌گه‌ر به ناویك یا فه‌رمانیك به‌سترا كه دوایي به پیتی ( ت ) دیت پیویسته هه‌ردوو «ت » بنوسرین وه هیچیان فرێنه‌درین ، چونكه له قسه كردنیشا خه‌لق هه‌ر دووكیان ده‌ر ئه‌برن‌و كه‌س هیچ كامیكیان ناخاته ژیر لیوه‌وه .

جمال جلال عبدالله
**له ( مه‌شیگان )ه‌وه ..**

# له یانه‌ی سه‌ركه‌وتنی كوردانه‌وه

ماموستایانی به‌ریز

یانه‌ی سه‌ركه‌وتنی كوردان ، یانه‌ی هه‌مو كورده ، بو خزمه‌تی زانیاری نه‌ته‌وه‌ی كورد تی‌ئه‌كوشي ، وه به هیچ جوریك له‌و ریبازه لانادا ..

وه ئیستاش ، كتیبخانه‌كه‌ی كردوته‌وه بو هه‌مو ئه‌و دلسوزانه‌ی كه به‌رهه‌میان بلاو كردوته‌وه ، بو ئه‌وه‌ی ببیته سه‌رچاوه‌ی نووسراوه‌كاني كوردی ، وه هه‌روه‌ها بو ئه‌و ماموستایانه‌ی بو سه‌رچاوه‌ی نووسراوی كوردی ئه‌گه‌رین.

جا یانه‌ی كوردان ، هیوای وایه كه هه‌مو دانه‌ریكی به‌ریز ، به‌لاني كه‌مه‌وه ، دانه‌یه‌ك له بلاوكراوه‌كانیانمان بو بنیرن .. بو په‌ره پی سه‌ندنی ئه‌و كتیبخانه‌یه‌ی كه بو سودی گشتی باوه‌شي خۆی كردوته‌وه . پیشه‌كي سوپاسیان ئه‌كه‌ین .

# چاو پێ‌کەوتنێک لەگەل :

# ماموستا پاکیزە رەفیق حیلمی

ئەوەی ئیجگاری مایەی شانازی‌یە کە بۆ یەکەم جار بەشی خویندنی کوردی لە زانستگای ئاداب کرایەوە ، یەکەم کەس ئافرەتیکی خاوەن باوەرنامە شهادە ی بەرزو پی‌گەیشتوو بوو ، بۆ سەروکایەتی ئەم بەشە هەلبژیررا وە بوو بە ماموستای ڕێزمانی زمانی کوردی، وە بە وینەی دایکیکی میهرەبانو ماموستایەکی زاناو کوردیکی دلسوز ، تا ئەم دوو سالە ( بەشە ) کەی بەڕێوە بردو دلسوزانە کاری تیا کرد . ئیستاش کە ئەچێ بۆ دەرەوەی عیراق نیشتمانو کۆڕپە خوشەویستەکەی « بەشی خویندنی کوردی لە زانستگای ئاداب » بەجێ ئەهیلێ ، دەستەی نووسەرانی هیوا بەپیویستی زانی چەند پرسیاریکی ڕوو بە ڕوو بکات ، ئەگەر چی وەلامدانەوەکەی سەرپێ‌یی‌و بە پەلەش بوو ، بەلام هەمیسان سوودی بۆ خویندەوارە بەریزەکانی هیوا هەر ئەبیت ....

* * *

پرسیاری یەکەم : ماموستا ، پلەی خویندنت تا چەندە؟ وە لە کوێ‌و لە بابەت چی‌یەوە خویندنت تەواو کردوە ؟

● پاش ئەوە لە سالی ١٩٤٢ لە ( دار المعلماتی ابتدائی) دەرچووم‌و امتحانی ( ثانوی ) بەشی ئەدەبیم‌دا لە هەمان سالا، لە سلیمانی کرام بە بڕیوەبەری قوتابخانەی ( گویژە ) ، لە سالی ١٩٤٣ ــ ٤٤ هاتمە زانستگای ( دار المعلینی عالی )و لە

١٩٤٨ له لقى آدابى عه‌ره‌بى تيا ده‌رچووم . له ١٩٤٨–١٩٤٩ كرام به ( مفتشه )ى لواى ديالى‌و كركوك . له ١٩٤٩ چووم بۆ ئه‌مه‌ريكا له جامعه‌ى هارڤه‌ر له سالى ١٩٥١ ( ماسته‌ر)م وه‌رگرت له زمانه كۆنه‌كان‌و دراساتى شرقى . كه هاتمه‌وه به‌غدا له ( زانستگاى تحرير ) كرام به مامۆستا . پاش چوار مانگ به ( بعثه ) چوومه له‌نده‌ن . له‌وێ له‌گه‌ل رۆژهه‌لات ناسى به‌ناوبانگ ( سيدنى سميث ) ساليك زمانى ئاشورى‌و عيبرانى‌م خويند وه نامه‌ى دكتۆرام له مادده‌ى كـو كردنه‌وه ( جمع ) له زمانى عه‌ره‌بى‌و زمانه سامى‌يه‌كانا ده‌س پى‌كرد ، به‌لام له‌به‌ر نه‌خۆش‌بوونم ، به‌پێ‌ى راپۆرِى پزيشكان خويندنم گوێزايه‌وه ( قاهيره ) ، كه له سالى ١٩٥٣ له جامعه‌ى قاهيره رساله‌كه‌م تومار كردو له گه‌ل پروفيسور يحى خليل النامى ( كه شاره‌زايه‌كى به‌رزه له زمانه سـامى‌يه‌كانا ) له‌گـه‌ل اطروحه‌كه‌م‌دا خه‌ريك بووم وه به ناچارى يه‌ك سـال زمانى حه‌بشى‌م خويند ئه‌مه جگه له زمانانى عيبرانى ، ئاشـورى ، سومێرى ، عه‌ره‌بى ، توگريتى ، سريانى ، ئه‌كه‌دى .. تاد .. پاش شه‌ش مانگ نه‌خۆشي له نيسانى ١٩٥٩ رساله‌كه‌م ته‌واو كردو بريار وابوو له ١٥ى مايسى هه‌مان سالا مناقشـه‌ى له سه‌ر بكرێ‌و ليم وه‌ر بگيرێ ، به‌لام له ٢٥ي نيسانا بريارى دوور خستنه‌وه‌ميان‌دا له خاكى كومارى عه‌ره‌بى يه‌كگرتوودا كه پيويست‌كرا تا ماوه‌ى ٢٤ سـعات ئه‌وێ به‌جێ‌ بهيلم ، چوونكه مانه‌وه‌م ( خه‌ته‌ره ) له سه‌ر ئاسايشـى كومارى عه‌ره‌بى . كه هاتمه‌وه عيراق له سالى ١٩٥٩ به‌شى خويندنى كوردى له زانستگاى ئاداب كرايه‌وه من بووم به جێ‌نشينى سه‌ره‌كى به‌شه‌كه‌و ماموستاى زمانى كوردى .

● پرسيارى دووه‌م : بابه‌تى ده‌رسه‌كه‌ت تا چه رِاده‌يه‌ك سوودى گه‌ياند به په‌ره سـه‌ندنى زانيارى زمانه‌وانيت وه يارمه‌تى‌دايت له پشكنينه‌وه‌و ذه‌رسكردنى زمانى كورديا .

● بى‌گومان شاره‌زايى له رێزمانى زمانيكا يارمه‌تيت

ئەدا بۆ ئاسانی شارەزا بوون لە زمانیکی‌ترا . خۆ ئەگەر ئەو زمانە زمانی دایکیی خوت‌بێ زیاتر رێت بۆ خۆش ئەبێ .

بۆ نموونە کە لە ( رسالەکەما ) دەرحەق بە ( جمع ) لە زمانی عەرەبیایە ، ناچار بووم هەول بدەم گەلێ زمانی سامی‌تر فێرو شارەزابیم ، ئنجا کە زمانی کوردی لە خیزانە زمانیکی تایبەتی‌یە ، پیویستە ئەو کەسەی ئەیەوێ لە رێزمانی کوردیا شارەزایی پەیداکات ، دەس بکا بە فێر بوونو دەرس‌کردنی زمانە ( خزمەکانی ) زمانی کوردی بە وینەی فارسیو پەهلەوی کونو زمانە هیندیەکانی وەك ئوردو ، پالی ، پیشتوو وە هەروەها ئەو زمانانەی کە خزمایەتی‌یان لەگەل کومەلە زمانی ئیرانی هەیە وەکو کومەلەی لاتینی ، جەرمانیو سلاڤ .

ئەمانە لە لایەکەوە وە زمانە کۆنەکانی زاگرۆسو ناوچەی قەفقاس لە لاییکی ترەوە وەکو زمانانی ، لولو ، سوباری ، گوتیو خالدیو خاتی .. تاد

● پرسیاری سێیەم : کردەوەکانت لە زمانەوانی‌دا چیو چن ؟ وە ئەو کۆسپو تەگەرانەی هاتوونەتە رێت لە نووسینی رێزمانی کوردیا چن ؟ وە چە بە چاك ئەزانی بۆ هەموو ئەو کەسانەي لە رێزمان نووسینو پشکنینەوەی زمان کار ئەکەن ؟

● کردەوەی یەکەمم رسالەی دکتۆراکەمە کە دەربارەی فقهی کومەلەی زمانە سامي‌یەکانە ، وە بابەتەکەشی ئەوەیە ( الجموع فی اللغة العربية ومقارنتها باللغات السامية ) ، وە چەند وتاریکیشم لە گوڤارو روژنامەکانا بلاو کردوتەوە ، وە کتیبیك بە ناوی رێزمانی کوردی کە لە تەواو بوونایە ، بە هۆی نەبوونی پیتی لاتینی پیویستو تەواو لە عیراقا نەمتوانی چاپی بکەم ، هیوادارم ئەگەر بتوانم لە لەندەن چاپی بکەم .

وە ئەو کۆسپو تەگەرانەی هاتووتە رێم زورە ، بەلام بە کورتی ئەمانەیە :

**( ١ ) یەك نەبوونی نووسین ( ئیملای ) کوردی**

( ٢ ) جیاوازی شێوەکانی زمانی کوردی ، کە بە هۆی دابەشیو پارچە بوونی وولاتەکەمان وە نەبوونی کیانیکی تایبەتی بو نەتەوەکەمان ، تا هاتووە شیوەکان لیك جیا بوونەتەوە و نەکراوە تەنیا یەك تاکە شێوە بگرنو ببێ بە شێوەی نووسین ، وە هەول نەدراوە شیوەیەکی تایبەتی بۆ نووسین پەیدا بکەن

( ٣ ) تا ئیستا رێزمانی کوردی بە شێوەیەکی عیلمی نەنووسراوەو هەر شێوەیەك رێزمانیکی جیا جیای بۆ داندراوە کە هیچیان ناکرێن بە نموونەی تەواوی رێزمانی کوردی ، وەکو بلیی هەریەکە رێزمانی یەك شێوەن نەك هی هەموو زمانی کوردی بە تیکرایی ...

ئیتر ئەوەی بە چاکی ئەزانم بۆ ئەوانەی لە رێزمانئیش ئەکەن :

( ١ ) ئەبی ئەلفو بێیەکی تایبەتی دابندرێ بۆ ئەو شێوەیە دەس بدات کە لە ئەنجامي پەرە سەندنی خویندەواریا ئەبێ بەشێوەی نووسین و خویندنی کوردی . وە رای منیش دەربارەی یەککردنەوەی شێوەکان ئەوەیە : « کە لە ئەنجامی ظروفی سیاسیو پەرە سەندنی جویندەواريو بەرز بوونەوەی پلەی بیر کردنەوەو هەستی نەتەوایەتی ، شێوەیەکی تایبەتی پەیدا ئەبیت کە رەنگبێ لە هەموو ئەو شێوانەی ئیستا پیی ئەنووسرێ دوور بکەوێتەوە وە ئەتوانین پیی بلێین شێوەی خویندەواریو نووسینی دوا رۆژ . »

( ٢ ) ئەو کەسانە ئەببی شارەزایی لە هەموو شێوە جیاوازەکانی زمانی کوردي پەیداکەن ، وە کە رێزمانیشیان نووسی ، رێزمان بۆ هەموو زمانی کوردی بنووسن ، نەك هەر بۆ یەك شێوە .. وە لێرەشا چاکترین بەش لە هەر شێوەیەك هەلبژیرنو لە رێزمانا بهێلرێتەوە وە ئەو بەشانەی لە شێوەکانیترا بەکار هینانیان پەسند نییە وازیان لێ بهێنرێ .

( ٣ ) شارەزاییان لە کۆمەلە زمانە ئیرانییەکانی وەك

فارسی تازەو پەهلەوی‌و پشتووی ( أفغان )و سوغدی‌و زمانی تاجیکی هەبێ ( بە تایبەتی زمانی تاجیکی زور لە کوردی‌یەوە نزیکە ) جگە لەوە شارەزایی‌یان لە زمانە ئاری‌یەکانا هەبێ ئەگەر لە بەشیکیش لە بەشەکانیان بی .

( ٤ ) ئاگایان لە زانیاری دەنگ Phonetic و زمانەوانی « فیلولوژی » هەبی .

● پرسیاری چورامم : بەشی خویندنی کوردی ، کەمی‌و کوڕی‌و تەنگو چەڵەمەکانی چۆن ئەبینی .

● لە بابەت کەمی‌و کوڕی بەشەکەوە ، راپورتیکم داوە بە جامعەی بەغداو وێنەیەکیشم لی‌داوە بە وەزیری معارف ( وا ئەیدەم بە گوڤارەکەتان ئەگەر توانیتان بلاوی بکەنەوە ئەوسا وەلامی ئەم پرسیارەتان چاکتر بو روون ئەبێتەوە . بەلام بە کورتی ئەڵێین کەمی‌و کوڕی‌یەکان ئەمانەن

١ ـ نەبوونی ماموستا . ( ناتوانم بلێم کورد ماموستای تیا نی‌یە بەلکو زوری هەیە ، بەلام کەمتەرخەمي ئەکەن‌و شانی خویان نادەنە بەر ئەم بارە . )

٢ ـ نەبوونی کتێب‌و سەرچاوە دەربارەی میژوو زمان‌و ئەدەبی کوردی ، وە ئەو کەمەی هەیە ، ناشی بە سەرچاوە بۆ خویندەواری بەرز لە جامعەدا ، بۆیە تکا لە خویندەواران‌و خاوەن شەهادەکان ئەکەین کە تۆزی بەزەیی‌یان ببێ بە میژوو زمانی نەتەوەکەیان‌و ئەوەندە کەمتەرخەمي نەکەن لە نووسین‌و خویندنەوە ، چونکە بەرز کردنەوەو دەرخستنی میللەتێ زورتر لە سەر شانی خویندەوارانیتی .

٣ ـ کەم یارمەتی کارەبەدەستان .

● پرسیاری پینجەم ، جگە . لە زمانەوانی هەستی ئەدەب پەروەریشت لێ دیاری داوە ، ئایا بەشداریت لە

ئەدەبا تا چەندە وە لە کام لقی ئەدەبە لە هۆنراوەو چیرۆکو وتارا ؟

● نووسینی ئەدەبیم هەیە ، بەلام ( هۆنراوە ) وە بەو وێنەیەی سنووری بۆ کێشراوە کە ئەبی کێشـــــ ( وەزن )و قافیەی هەبێ پەیرەوم نەکردوە ، لەبەر ئەوە هەر لە زووەوە خاوەن سروشـــــتیکی سەربەستانەم حەزم نەکردوە وە ناشتوانم خۆم بە وەزنو قافیە ببەستمەوە ، ئەگەرچی نابێ ئەوەش لەبیرکەین کە زمانی کوردی زمانیکی بە موسـیقاو شیعری یە .

وە لەم چەشنە نووسینانە کـە ئەتوانین پی‌ی بلێین « هۆنراوەی پەخشان » ـ شعر منثور ـ کتیبیکم بە ناوی ( ژیانیکی پڕ ئەندیشە ) نووسیوە کە وا لە ژیر چاپدایە .

بە سێ زمان ئەتوانم بنووســـــم ، کوردی‌و عەرەبی‌و ئینگلیزی ، لە زۆر لە گوڤارەکانا ووتارم بلاو کردوتەوە وەکو گوڤاری ( الادیب )ی بیروتی بەناوی ( الثریا )و لە ( المعلـم الجدید )و گوڤارە کوردی‌یەکانی وەکو گەلاویژو نزارو ژین‌و هیواو روناهی ... تاد .

بەرهەمی وێژەییم ، یادداشتیکی سیاسی‌یە دەربارەی ژیانی سیاسی کورد کە لام وابێ ماوەی چاپ‌کردنی نابێ وە کتیبی ( میژوی کورد ) هێشتا چاپ نەکراوە ، وە دراسەتیك لە سەر زەردەشت . کۆمەلە هۆنراوەیەکی سەربەست بـە زمانی عەرەبی کە تەمای چاپ کردنیم نی‌یە . وە یادداشتی ژیانی خوم‌و خوێندنم لە ئەمریکا .....

● پرسیاری شەشەم : ئایا ئەدەبی کوردی تازە چـۆن ئەبینی ؟ .

**● ئەگەر ماوەم بدەن بە کورتی ئەلێم کە هێشتا وەکو بەریکی نەگەیشتوو وایە ....**

چیروك

# دوژمنەکەی مام قیتەڵ

حسین عارف

هاوەلەکەم دەسیکی دریژ کرد بۆ بەردەرگای مزگەوتەکەو ووتی :

ـ ئا ئەو جووتە ئەبینی ؟ !

منیشس هەروا بە کەمتەرخەمي‌یەکەوە ، لابەکم لێ‌کردەوەو لە وەراما ووتم :

ـ بەلێ .. باپیرو کوررەزا نین ؟ !

کەچی وا دیاربوو حەزی ئەکرد ئەمە وەرامم بێ ، بۆیە بە دەم زەردەخەنەیەکی دلنیایی‌یەوە ووتی :

ـ خۆم هەر ئەمزانی وەهایان تێ ئەگەی ، وەك هەموو کەسانیکی نەشارەزای‌تر . بەلام وا نی‌یە .. ئەزانم حەز ئەکەی بزانی چۆنە ! .. کەوابوو گوێ بگرە بۆتی باس کەم .

ئیتر بێ ئەوەی چاوەرێی وەلام بکا ، لە سەر پیشەی خۆی ( کە خوا بێ‌قەزاو بەلای‌کا ! ) بواری کەس نادا لە قسە کردنا ، کەوتە گێرانەوەی باسەکەو ووتی :

ئەو منالەی ئەیبیني ، ئە ئاوا قنجو قیت ، لەبن دەستی ئەو پیرە میردەوە دانیشتووە ، تا ئیستاش کەس نازانێ کێ‌یە ؟ .. دایكو باوکی کێن ؟ . وە خەلکی کوێ‌یە ؟ ! هەر وەکو کەسیش نازانی لە کوێوە ، وە چۆن هاتە گەڕەکەکەوە؟! تەنها هیندەمان لێ ئاشکرایە کە چەن مانگیك لەمەوبەر ، رۆژیك لە روژان لە گەل ئەو پیرەمیردەدا ، کردیە شەرو

هەراو ئاژاوەو ئەوسا ناوی کەوتە سەر زمانی هەموو دانیشتووانی گەڕەك وە بە ( دوژمنەکەی مام قیتەڵ ) ناوی دەرکرد . ئارام بگرە .. ئەزانم ئەتەوێ بپرسي مام قیتەل کێیە ؟ مام قیتەلیش ئا ئەو پیرەمیردەیە کە بە تەنشت منالەکەوە دانیشتووە پالی لێ داوەتەوە .

بۆ منالەکە وەکو پێم ووتی ، چە من ، وە چە هەموو دانیشتووانی گەررەك ، هیچ شتیکی ئەوتۆ نازانین دەربارەی ژیانی کە شایانی باس کردنی بێ . بەلام مام قیتەل ، بە درێژایی تەمەنی خۆم شتی لێ ئەزانم . حەز ئەکەی کەمیکیت بۆ باس بکەم ؟ .. باشە گوێ بگرە ! ..

مام قیتەل وەك ئەیبیني ، ناوی خۆی بە خۆیەوەیە !! لەگەل ئەوەشا کە بە تەمەن خۆی لە شەست سالان ئەدا ، کەچی بە سرو سەکوت ، بە شانو باهوو ، بە شیوەي رۆیشتن ، تەنانەت بە جووتە سمێڵەکەشیا ، هەمیشە قنجو قیتەو ئەم ناوە کتو مت پرر بە پیستیەتی ! . جا توخوا وانییە ؟ ! .. تۆ باش لیی ورد بەرەوە . ئێ ... ئێ ... ئارام بگرە .... باشە ....

ئەم مام قیتەڵە ، پانزە سالیش ئەبوو ، حەلوا فرۆشيی ناو گەرەکەکەی گرتبوە ژێر دەستو منالانی ئەم پەررو ئەو پەری گەڕەك ، لەو بەولاوە یەکیکی تریان نە ئەناسي .. وە هەموو لاوە چوار شانەکانی ئیستای ناو گەررەکەکە ، کە برای بچووکیشت یەکیکە لەوان ، تامي گەزۆو مەسکەتی سەر ئەو سینیە مسە ژەنگاوییەی مام قیتەڵ ، تا ئیستاش لە ژێر زمانو بێخی دانەکانیانە ! ! وە عانەو دوو فلسي هەموویان چۆتە ناو ئەو کیسە خامە چلکنەوەي کە ئەيبيني لە باخەلیا گرمولەی خواردووە ! .

با درێژەی نەدەمێو سەرت نەیەشێنم ، مام قیتەل لە پانزە سال لەمەوبەرەوە ، لەو رۆژەی ژوورە بچکۆلەکەی لای خوارووي مزگەوتەکەی بۆ خوی داگیر کردو بەردەرگاکەيشي

کردە ( کۆگا ) ، ئیتر تا ( ٣ ) مانگ لەمەو پێشیش ، کەسیك هەلنەکەوت بتوانێ لە حەلوا فروشـــــیی ناو گـــەڕەکا بەربەرەکانی بکاو شان بدا لە شانی . ئەوانەشی جار جاریك هەولی ئەمەیان ئەداو سەریان بەرز ئەکردەوە ، ئەوە هــەر زوو ئەیدان بە زەویاو تەمي خواردووی ئەکردنو !

بەلام ( ٣ ) مانــگ لەمــەوبەر .. کاکی خــوم قــەت مەپرسە ! مام قیتەل تووشی ( گون رەشی ) خۆی بوو ! ئەو منالە چەتوونە سەر ـ سەختەی لێ پەیا بوو . وەکو مووی لووت پیوەی لکاو بە ئامانو زەمان لیی نەبوەوە ، تا کوڵی پیداو بو یەکەم جار مام قیتەل بۆرر درا !!

ئەزانی بە چە جۆریك ؟ ! ... جاریکیان مام قیتــەل خۆی بۆی گێررانیەوەو ووتی :

« ... بەیانییەکیان زوو ، کە هێشتا خێرو شــەرر بەشنەکرابوو ! بە دەم بانگە بانگی منالیکی زیقاوڵەوە لەخەو چاوم هەڵهینا . لە سەرەتاوە گوێم نەدایەو وام لیکدایەوە کە ئەبێ بە ریبواری رێی کەوتبیتە ئەم کولانەو هیچیتر ! بەلام کە باش گوێم رایەڵ کردو دلم دایە ، بانگە بانگی منالە ، نە دوور ئەکەویتەوەو نە نزیك ئەبێتەوە ! لەوە ئەچــوو لــە کۆلانەکەدا دانیشتبێو جیگەی خوی خوش کردبێ ! . ناچار بۆی چوومە دەرەوە . ئەبینم منالیکی هەشت سالانە چوار مەشقی لەبن دیوارەکەی ئەوبەرا دایکوتاوە ! دەورییەکی قەلاپەچنیشي حەلوا لەبەر دەمیا داناوەو پەیتا پەیتا پر بەدەم هاواری بۆ ئەکا ، وە وەك شارەزا ترین حەلوا فرۆش ،جیایان ئەکاتەوە و یەك لە سەر یەك ریزیان ئەکا ، بەو نیازەیدیمەنیکی دلگیري دڵفررینیان باتێ ! خوا درۆی لێ خوش نایە ! ... منیش هەروا سووکیك لیی چوومە پیشەوەو بە دەستیك پەلیکم گرتو بە دەستەکەی ترم دەورییە حەلواکەی ، وە هەلم ـ ستانە سەر پیو پێم ووت :

ـ کوررم ئەم بانگە بانگ‌و ئاژاوەیەت لە چیي ؟ ! ..
برۆ لە شوینیکی تر ئەمە بکە !

کەچی پیرە منالّ دەوری حەلواکەی لە دس راپسکانم‌و خۆی لیّ گرژو مۆن کردم وە بە توورەیی‌یەکـــەوە وەلامـــی دامەوە :

ـ جا تۆ هەقت چی‌یە ؟! تو برۆ مجەووری خوت بکە!..
چیتە بە سەر منەوە !

خوا درۆي لیّ خوش نایە .. کە ئەمەم لیّ دی ، چاووم پەرری‌یە پشتی سەرم . تومەز من کورتی بۆ دەرچوو بووم..
من چوزانم ؟ لەوە پیش منالی ئاوەها چەتوونم نەدیبوو ئیتر وام لیّ هاتبوو ، خەریك بووم بە زللە دای‌گرم . بەلام شەیتانم بە لەعنەت کرد ! . تەنها چاویکم لیّ مۆرر کردەوە ، خۆم لیّ سوور کردەوەو قیررانم بە سەریا :

ـ حەرام زادەي دەم هەراش .. نازانم هەتیوی چە ناکەس ـ بەچەیەکی .. من مجـــەوور نیم ! ! .. مـــن پیت ئەلیم ئیرە جیگەی تو نی‌یە . برۆ ئەم ناوە چۆل‌کە ! . کـــە ئەم قسانەم پیّ‌ووت وا دیاربوو گومانی بۆ شتیّ برد . بۆیـــە کەمیك لیم چوە دواوەو هەر بەو روو گرژی‌یـــەوە وەرامی دامەوە :

ـ ئەي جا خۆ تاپۆت نەکردوە ! ئەرزی خوایەو لی‌ی دائەنیشم ! خوا درۆی لیّ خۆش‌نایە ! .. ئەوی راستی‌بیّ لەوە زیاتر خۆم پیّ را نەگیرا . پەلامارم دایە کەمیکی بکوتم . کەچی شەیتانە ، وەك کەرویشکیك لە ژیر چنگما قـــەلەمبازی‌داو بوی دەرچوو . )

مام قیتەلّ خوی سەرەتای کارەساتەکەی ئا بەم جۆرە بۆ گیراینەوە . بەلام ئەوەکەی تری، ئەوە هەموو دانیشتوانی گەررەك ئاگامان لیّ‌یەتی . ئەزانی چۆن ؟ !

کاکی خوم ئەو بەیانی‌یە کاتیّ مندالانی گەررەك کەوتنە جم‌و جوولّ‌و بە عانەو دوو فلسەکانیانەوە بەرەو لای‌مام قیتەل

کەوتنە رێ ، منالەم منالە ، سەري کۆلانی لی‌گرتن‌و یەك لە دوای یەك ئەی قۆستنەوە . مەگەر تاك‌و تەرایانی لێ دەرچوایە بۆ مام قیتەڵ . واتە مام قیتەل دەسي لە بنی هەمانەکەوە دەرچوو ! ، وە تەنها هیندەی بوما بووە ، هەر ساتە ناساتیك ، پەلامار بداتە نزیکترین دار یا بەردیکی تەنیشتی‌یەوەو رادووي منالە بنێ . ئەویش لە هەمو جارێکا هەر هیندە بلی‌ی یەك‌و دوو ؛ پرری ئەکرد بە پیرە دەوریاو ئەیدایە چوار ناڵە . بەلام خۆ هەر کە مام قیتەل پی‌ی ئەنایەوە جیگەکەی خوی ، ئەویش لە ویوە دای ئەکوتایەوە !.

ئیتر ئەوە هەر ئەو روژە ، باسەکە بە خوارو ژووری گەرەکا بلاو بوەوە ، وە بوە بنیشتە خۆشەی ژیر زمانی گەورەو بچووکی دانیشتوانی هەر کۆریکی گالتەو گەپ‌و پێ‌کەنین بچوویتایە ، ئەم باسە تیایا ، پشتی هەموو باسیکی تری ئەدا لە زەوی .

ئیمەش ... بە شانازی نەبێ ، خۆ خوت ئەمان‌ناسي چە بەلآیەکین ! ، لەو لاوە ئەچووین منالەمان هان ئەداو ئەمان کرد بە گژ مام قیتەلآ . لەم‌لاشەوە مام قیتەلمان لە تیژ ئەکردو لیّمان ئاگر ئەدا . ئیتر، ئەوە بەزم‌و پێ‌کەنینیك بوو قەت مەپرسە !! .. ها . ها... های ... چی ؟ ! .. گوناهمان ئەگەیشت ؟ ! .. بۆ ؟ ! ... ئەم دل نەرمی‌و بەزەیی‌یەت لە کەیەوە ؟ ! ... ئەم قسانە هەر لە هەگبەکەی خوتا بهێلەرەوە !!

ناچن بە گوێ‌ی منا ! ... دریژی مەدەرێ ....

گوێ بگرە کوتایی باسەکەت بۆ بگیرمەوە . جا بزانە خراپمان کرد یان چاك ! . ها ... گوێ بگرە ...

نزیکەی سێ هەفتە ئەم جووتە ، ئەمە پیشەیان بوو . یەکتریان ئەهیناو ئەبرد . مام قیتەل ئەي‌ویست ئەو ببەزینێ

و بیدا به زەویا ، ئەویش لە خوای ئەویست ئەم یاری‌یە خوشەی لەگەل مام قیتەلا هەمیشە کۆتایی نەیەت ! بەلام لە ئەنجاما ، مام قیتەل وەررس بوو ، شل‌بوو ، بەزی . بەزینیکی سەیرو زور سەیر .. شتی وەها قەت نەبوە ! .

لە گەل منالەدا رێك‌کەوت ، کە ئەو ببێ بە کورری ئەم ، ئەمیش ببێ بە باوکی ئەو . پیکەوە ئیشەکە بکەن . وە پیکیشەوە بژین !

ئیتر سا مام قیتەل لە سەرەتاوە مەبەسی هەرچی‌یەك بووبێ لەم ریك کەوتنە ، هونەر ئەوەیە کە ئیستا بە راستی ، وەك باوكو کوررێك ، وە یا لە سەر ووتەی تۆ وەك باپیرو کوررەزایەك ، پیکەوە ئەژین ...

من سەرم لە کاری خوا سورر ماوە ! .. مام قیتەل لە سەرەتاوە چەن رقی لە منالەکە بوو ، ئیستا سەد ئەوەندە خوشی ئەوێو کە لێشی ئەپرسی لەم بارەیەوە ، لە وەراما ئەلێ :

ـ قەت باوەرر ناکەم ئەمە منالیکی سەرزەمین بێ .. نەخێر .. فریشتەیەکەو خوا لە ئاسمانەوە بۆ منی ناردە خوارەوە کە وەجاخی کویری شەست سالەمی پێ روون کەمەوە .

دیسان هەر لەخوت ئەپرسم : خراپیمان کرد نەمان هێشت منالە کوڵ بدا یان چاك !! ..

منیش لە وەراما هەروا بە کەمتەرخەمی‌یەکەوە ، سەریکم لەقاندو هیچی تر ...

شعیبە ١٥-١١-١٩٥٧ .

**لە پەرراوی (( منالانی شارەکەم ))**

* * *

# بازاری چاپەمەنی

## شانوی کوردستان

**چوار ئوپەریتی شانو ، ١٠٤ لاپەرەیە دانەری**
**عبدالرزاق محمده**
**( رەخنەو لیکولینەوەی ( معروف بەرزنجی )**

**« ... هیوادارم بە رەخنە لی گرتن شەرەفناکی بکەن. »**

بەم بێ هەوایی‌یەوە کە نیشانەی دلسوزی‌یە لە مەیدانی ئەدەبدا کاك عبدالرزاق رەخنەم لێ ئەخوازێ ، سەرنجی ئەم گیانە بدەن لە پیشەکی‌یەکەشیا « ... ئەگەر لە چاپکراوی یەکەمدا لایەن پارەوە زیانم لی کەوتبێ ... ئەوە تی‌گەیشتم کە نووسەر لە تەك رەنجی نووسین‌و میشك گوشین‌و توانەوەی ژیان‌و تەمەنی خۆی لە نووسینا دەشبێ ئەرکی زیان لی‌کەوتنی پارەش بخاتە سەر شانی خوی ، ئەبێ لە هەردو لادا شەرەفی رەنجو تیکۆشان لە پیناوی ئەم خەلکە پاكو بە نرخانەدا وەر بگرێ » ئا بەم گیانە نەبەزەوە هاتوتە کۆری ئەرك بینی‌و فەرمانبەری ئەدەبەوە ، بە تایبەتی، دراما ، لە ری‌ی دامەزراندنی شانۆی کوردستان‌دا .

پیش چوونە ناو لیکولینەکەمەوە ، ئەمەوێ لە شتیکی کەش بدویم کە کاك عبدالرزاق بە دلپاکی خۆی ویستویەتی پاساوی بدا ، ئەوەش کەمتەرخەمی‌و دریغی کردنی . خۆیندەوارانی نەتەوەکەمانە کە بەم چەند ملیونە ، با هەر کوردی عیراقت بۆ بژمیرم ، نامیلکەیەکی ئەدەبی کوردی ، یا

دوو سێ گوڤاری مانگانەمان بە باشی ساغ ناکەینەوە ، ئایا لە دوو ملیون کوردی عیراق ئەگەر لە ١٠٪ شی خویندەواربن نابی ٢٠٠٠٠/ خویندەوارمان هەبن ؟ با نیوەشی بۆ ئەوانەی کوردی ناخویننەوە یا نازانن ، با نیوەکەشی بۆ کەمو کورری، هێشتا هەر پەنجا هەزاری ئەمینێ . با چل هەزارەکەشي نەبی ، ئایا دە هەزار خویندەواری کریارمان نی‌یە ؟

کەچی هیچ نامەو گــــوڤاریکمان دووهـــــەزاری لێ نافروشرێت . ئایا ئەمە کەمتەرخەمي نی‌یە چی‌یە ؟

بە راستی پشتیوانی ئەم پاســــــاوە ناکەم ، ئــەبی خویندەوارانی کورد چاپەمەنی نەتەوایەتیمان بژیەنن ، چونکە گرنگترین پایەی ژیانو بوژانەوەی نەتەوەکەمانە .

با بێینەوە سەر لیکولینەوەکەمان ، شانۆی کوردستان کاك عبدالرزاق وەك دلسۆزێکی زور بە پەرۆش هــولی لێ هاتووە بۆ شانۆی کوردستان ، لەبەر ئەوە لە کانی دڵی‌یەوە و بە هەموو هێزو توانایەوە لە دراما نەویوە ، چە بە پەخشان چە بە هەلبەست . لەمنیشی ویستوە بەرەخنە بەرهەمەکەی ئەمجارەشی « شەرەفناك » بکەم . بەش بە خۆم لە پێشەوە زۆر سوپاسی ئەکەم ، ئەمجار ئەلێم من شەرمم بە خۆم دی کە خۆم بە رەخنە گری شانۆ دابنێم .

کاکی خوشەویست : خۆت ئەزانی بێ‌گۆماو کەس بە مەلەوان نابێ ، هەروەها بێ شانۆش زور گرانە رەخنەگری شانۆو دراما هەلکەون . دیسانەوە دراماتیستی پوختیش لە ناو شانۆدا هەل ئەکەوێ . جا بۆیە خۆم وەك ئەو کەســــە دێتە بەرچاو کە لە کتێبا فێری مەلەوانی بووبێ .

هەلکەوتوانی ئەدەبی شانۆ پەیوەندي‌یان زۆر بەتین بووە بە شانۆگەری‌یەوە ئەبێ هەرواش بێ . لە سەردەمي ( ئەرستۆ )وە تا ( شەکسپیر ) و ( بەرناردشۆ )و (بریخت )و ( لاجوس ئاگری )و دەها هەلکەوتوانی‌کە ، ئەم راستی‌یەمان بۆ ساغ ئەکەنەوە .

له دراماتیکی چینی‌دا ـ پەکین ئۆپرا ـ شتیکی جوانم خوێندەوە ئەڵێ : چاکترین نوێنەر « ئەکتەر » لە چین‌دا هەر نوێنەری چاك نین بە تەنیا ، بەڵکو چاکترین بەرهەم ـ هێنەر « منتج »و دراماتیستیشن . ئەرستۆ ئەوەندە پەیوەنـدی بەهێز بوو بە شانو ، تا وەك عیلمیکی تەواو دەستووری بـۆ دانا . شەکسپیرو بەرناردشۆو بریخت‌و لاجوس ئاگری . . تاد لەناو جەرگەی شانۆوە هەڵکەوتوون . یوسف عانی خۆشمان شارەزان . ئەڵێن سـەر نەکەوتنی ( توفیق الحکیم ) لـە دراماکانیا ئەوەیە کە لە شانۆدا دەستی نی‌یە . ئەگەر نزیکی بیر لە کردار لە هەر لقیکی زانستی‌دا پێویسـت بێ ، لە شانۆدا پیویست ترە . دراما هەر چەند عیلمیکەو دەستووری خۆی هەیە بەلام هەر بە خویندنەوە پیك نایەت ، بەلکـو لە کرداری شانودا تەواو ئەبێ ، مێشك‌و بەهرەی هونەرمەندی پی زاخاو ئەدرێ‌و پوخت ئەبی . جا ئەگەر هەر نووسیاریك لە نووسینی درامادا بۆ شانۆی کوردستان کەمو کوری هەبی لە نووسینەکانیا ، سووچ سووچی خۆی نی‌یە بە تەنیا ،بەلکو سووچی بێ شانۆیەتی‌یە . ئەوەش وەك کاك عبدالرزاق لە پیشەکی‌یەکەیا دەری‌خستوە « تاوان ئەلکێتەوە بە چـارەی گرانی ئیمپریالزم‌و کۆنە پەرستیتی‌و داگیرکەرانەوە . . » تا شانۆی‌نەتەوایەتی دانەمەزرێنین ئەدەبی شانۆمان گەشەناکاو ناگاتە پایە ، شانۆی نەتەوایەتیش بە مافی نەتەوایەتیمانەوە بەستراوە کە لە سایەی رژیمیکی دیموکراسی دروسـتدا دەسمان ئەکەویت . جا با هەندێ کەس هەر بلێن سیاسەت‌و هونەر دوورن لە یەك .

شانۆ بە سالەهای سال‌و بە سەدان فەرمانبەرو ئەرك بین‌و هونەرمەند پیك‌دی . وەکو لە سەرەوە وتمان باشترین نوسیاری دراماش لەناو جەرگەی شانۆوە هاتوون . نوێنەری هەلکەوتوو بلیمەت ناتەواوی‌و کەمو کوری دراماشـ چار ئەکا . کەرەسەو نوێنەرو موسیقاو سەما ئوپیرا تەواو ئەکەن،

نووسیار هەر بیرەکە پێشکەش ئەکا ، ئەو بیرەش گەلێ جار جەوهەرەکــەی ئەپارێزری‌و ئەمینێتەوە لە ژێر دەســتی شانۆگەراندا . بەڵێ ئێستە تا رادەیەك ئەتوانین پێشەکی بریار بە ســەر دراmadا بدەین ئایا دروســتە یا نا ؟ چونکە دەســتووریکی روونمان بە دەســتەوەیە ، بەلام نواندنیش گەلێ جار سەرکەوتن بە دراما ئەدا . وەکو وتمان شانۆگەری بلیمەت چاری گەلێ ناتەواوی ئەکا ، بەلام لەگەل ئەوەشا ئەبی دراما دەستورە بنچینەیەکانی پارازتبێ کــە بریتی‌یە لە :

١ ــ سەرەتا ، یا ( فکرە ) ، سەرەتای روون‌و پوخت‌و بایەخدار

٢ ــ کەس « شخصیة ــ کارەکتەر » . کەســ ئەبی نموونەبێ .

٣ ــ دوو بەرەکانی « صراع »

لە دەستووری ئەمرۆی شانۆدا ( کەس ) گەلێ نرخدارە کەس سەرچاوەی‌هەموو جموجوول‌و بزێوو دووبەرەکایەتی‌یە کە ، سەرچاوەی گرێ‌یە .

با بچینە ناو باسەکەمانەوە :

**مردنی ئاوات :** لە دلــداری لادێ‌یانە ئــەدوێ لەژێر لوولەی جانبێزاری جاندرمەی عوسمانلی‌داو چنگی رەشبگیرو زۆر ستەم‌دا . گررو بلێســەی خوشەویســتی دێهاتی کوردەواری‌و چینی رەنجبەران ، وەفای کچە مسکێن‌و خۆ نە دۆررانی بۆ کورە ئاغا نیشــــان ئەدا . کاك عبدالرزاق سووچیکی کاریگەری لە ژیانی رابوردوومان دۆزیوەتــەوە . کارەساتی گرانی‌و شەرری گەورەو رەشبگیرو برســیەتی کاریگەرن لە یادي نەتــەوەکەمانا . خۆشەویســتی‌یەکی بلێسەداریش هەر لە مالی هەژارو رەنجبەرانا بلیسەدارە . وەك لۆرکا ئەلێ : *

« خۆشەویستی هەر لە لەشــــي بریندار کراوی

تێنوەتی‌داو لەو کۆخە شڕانەدایە کە لەگەل تۆفانا بەربەرەکانی ئەکەن ، لە چاوی شووشەو پشـــت بتەکان‌دا نی‌یە ... »
بیرەکەو دووبەرەکایەتی‌یەکـــە بەجێ‌یە ، ئالۆزی‌و لوتکـە ( أزمەو قمە )ی پەسندی تیایە .

ژیانی لادێ‌و سەردەمی مندالی کاری لە دەروونی کاك عبدالرزاق کردوە بۆیە بە گەرمی‌یەکی زیندووەوە باسی مەل‌و بالندەی جوان‌و بەسەر دار مازوو قەزوان‌دا هەلگـەڕان‌و پەپولەو نەرگس‌و چیاو بەفر ئەکا . بۆیە ( ئومەر ) ئەلێ : ئای لە شادی هەر دۆینێ بوو منالێك بووو‌م ....

خۆزگە زورتر لەگەل کەسەکانی‌دا بژیایە تا پترگەشەیان بکردایە . چونکە ئەم ئوپەریتەی تۆزی پەلەی پیوە دیارە ، چە لە لایەن داڕشـــتنی‌و پوختی زمان‌و چـە لە لایەن رەوت‌و ڕێکی هەلبەستەوە . هەروەها لە هەنـــدێ گیروگـرفتی سەرنج‌و بیردا . لە گەلێ لاوە جوانە ، بەلام لە هەندێ لاوە ناهەمواری هەیە لە دەربڕین‌و سەرنج‌و لە لەنگی شیعرەکانیا بۆ گەشي کەسەکان پیویستی بە گەورە کردنە وە « تجسیم » هەیە ، تا نەك هەر لە سادەیی‌یەکی خۆســـایی‌دا وێنـــەی کەسەکانی بکێشی . جمو جوول کەمترە لە گفتو گۆ لە مردنی ئاواتا . بۆ گەشيي « کەس » ، گولی خویناوی‌و شـــیرین‌و فەرهادو شەفی‌و شیرینی خوت نموونەی گەشی کەسن .

لە کرداری ئەدەبی‌دا دیمەن‌و ناوەرۆك لێك ناترازێنرێن دوو ڕووی یەك شتن ، بە هەردووکیان پێکەوە کار ئەکـەن وەك دوو دەمي قەیچی « مەقەست » ، دیمەن ئەبێ لە پێی بیرو ناوەرۆك بەرزو شۆخ‌بی ، روون‌و رەوان بێ ، هەڵەی دەستوری زمانی تیا نەبێ ، ئا لەم چەشنە ناهەمواریانە بەدی ئەکریت . ئەگەر لە جیگای ( لە دەشت‌و سەر ئەم گردانە )و ( خوم هەل ئەواسی بە لقی دار بەڕووی زل )و ( تۆ ئەبینم لە پیاوەتی سوار چاکەکان .. جووتیارەکان ) بي ووتایە : « لەم دەشت‌و سەر ئەم گردانە » « دار بەرووی زل‌دا . » « دا »

پیویسته ، سوار چاکانا ... جووتیارانا » « له لاوکاو له حه‌یرانا » چونکه کوردی ره‌وان‌و دروست وا ئه‌بیژرێ یا له لاپه‌ره‌ی « ١٥ » دا ئه‌لێ « گولله باران چۆن ئه‌بێ به به‌رده باران ؟ ئه‌بوایه گولله بارانت بووتایه ، به‌رده‌باران له چاو گولله باراندا چه ترسیکی تیا هه‌یه ؟ . یا به زمانی ئۆمه‌ري لاوه‌وه‌وه ئه‌لێ :

« چه‌ند گوشادو به‌ختیارم ئه‌مرۆ » پاش ئه‌وه‌ی له یادی سه‌رده‌می مندالی دێته‌وه ، ئه‌مه راست نی‌یه . چونکه هیچ گومانی تێدا نی‌یه که ژیانی سه‌رده‌می مندالی له هي گه‌وره‌یی خۆشتره ، به تایبه‌تی بۆ مندالی لادی‌و چینی ره‌نجده‌ران . پیاو که بیری خۆشي مندالی ئه‌کاته‌وه ناخۆشی ژیانی ئێسته‌ی پالی پێوه ئه‌نێ ، جا کاك عبدالرزاق چونکه راست گۆیه‌و به‌رامبه‌ر به ژیان هه‌ر خوی راستی بۆ ده‌رخستووینه‌ته‌وه . له لاپه‌ره « ١١ » دا ئومه‌ر ئه‌لێ :

« با مه‌ینه‌تی بۆ چه‌ن ساتیك له بیر بکه‌ین » یا له لاپه‌ره‌ی ١٤ دا ئه‌لێ « که‌ي ئه‌مه شادی‌و ئارام‌و دلداری‌یه ؟» ئومه‌ر له راستی‌دا له ژێر « مه‌ینه‌تا » ئه‌نالێنێ ته‌نها تروسکه‌یه‌کی شادی هه‌بێ ئه‌وه‌یه که یه‌کیك هه‌یه خۆشی ئه‌وێ‌و «ئه‌سمه‌ر»ه نووسه‌ر له راستی ژیان‌دوور ناکه‌وێته‌وه کاك عبدالرزاق « هه‌ی ڕۆ »ی به زمانی ئۆمه‌ره‌وه ووتوه ، هه‌ر وه‌ك به زمانی گه‌نجۆ و شه‌فێشه‌وه ووتویه‌تی ، لاپه‌ره ١٤ ، ٥٣ ، ٩٠ . هه‌ی ڕۆ پیاو نایلێ هی ژنه . وه‌ك به زمانی ئه‌سمه‌ره‌وه له لاپه‌ره « ١٨ »دا ووتویه‌تی ، جێی خۆیه‌تی به‌لام بڕوانه جوانی ئه‌م ده‌ربڕینانه‌ش :

که‌ی دلداری له ژێر ترس‌و له‌رزا پشکووتوه ؟

یا په‌یمانه‌که‌ی ئه‌سمه‌ر له لاپه‌ره ١٦ دا یا ئومه‌ر له لاپه‌ره ٢٠ دا ، چه‌ن به‌رزه که ئه‌لێ : « ژیان به‌بێ ئازار . گوله بێ بۆن ، ساله بێ زستان‌و به‌هار . ترسي هه‌ره گه‌وره‌م من بژیم ... بمری ئاواتم » بێ ئاوات ژیان تلپه .. یا دووانی

ئەسمەر لاپەرە ٤١ و ٤٢ و ٤٣ چە وەسفیکی دلگیری گرانیو بێ‌کەسیو رەشبگیرو جاندرمەی عوسمانلي برسێتی ئەکا لەگەل هەستی دلداری پر وەفای ئەسمەرا بۆ ئۆمەر . هولی مردنی خۆی نی‌یە ، هولی مردنی ( ئاواتی ) ئومەریتی ..

کاك عبدالرزاق وەك دلسۆزیکی ژیر کانگای بایەخداری دوزیوەتەوە بۆ نووسینەکانی ، ئەوەش فولکلوری‌نەتەوەکەمانە لە بەیتو داستانو چیرۆکی رابوردوو لەبەسەرهاتی نەتەوە. ئا لەم سەرچاوە دەولەمەندەوە ( کەس )و ( رووداو ) وەر ئەگرێ ، کە پررە لە راستی ژیانو هەستی بە جۆشو ئاواتی بریسکەدارو خەباتی پرر ئازاری ژیر دەستی بیگانان . بەلام لە لایەن زل کردنەوەو گەشە پێدانی کەسو رووداوەکانەوە هەنگاوی بەرزترمان لێ‌ی ئەوێ .

(( **گەنجۆ** )) شوانیکی شمشال ژەنە ، پەری خوی نیشان‌داوە ، خۆی ناوی ناوە خەوو خەیال ، بەلام هیچ کرداریکی ئەدەبی ـ بێ خەیال نابێ ، «ریالزمی»ـواقیعیەتـ هەر ئەوە نی‌یە لە رووداویکی « ممکن » بدوێت . نا ، با هونەرمەند وای لی‌بکا پەسەندبی لامانو باوەرمان رابکێشێ واتە قەناعەتمان پی بێنی ، ئەوەش بە هۆی ووردبیریو شیرینیو رێکی پیا هەلدانو لیکدانەوەو وێنەی فنی دلگیرەوە پیك دێ . ئەگینا « ئین فیرنۆ »ی دانتی کە شا کارێکی نەمرە چی بە سەر ژیانی هەستی‌یەوە هەیە ، هەر کرداریکی خەیالکار نی‌یە ؟ یا هەزاران کرداری هونەریو ئەدەبی کە بە هەموو خۆشی‌یەکەوە ریالزمی‌ی اشتراکی وەری ئەگرێتو پەسەندی ئەکات .

وا بزانم فلیمی « الزهرة الصخرية ـ گولی بەردین »تان دیوە ، چیروکەکە هەموی خەیالکارە ، بەلام مانا دارو باوەر هێنەرو پەسندە .

گەنجۆ گرفتاری پەری ، زۆر سورە لە سەر خەیالە

خەواوی‌یەکەی‌خۆی نەپارانەوەی دایكو نەزمان لووسی‌ئاغاو نە فریوی کچە شوان هەلی ناخەلەتینێو لە شمشال لێدانی ناکاو پەیمانی پێ ناشکێنیو واز لە ئامانجی خۆی ناهێنێ ، دەس لە خــــەوەکەی بەرنادا تا دیتە دی لەم ئوپەریتەو لــە شەفـو شیرین‌دا زۆر بە دوای دەربررینی تازە ئەگەرێ .. « دەنگی نەرمە لەرزەی پووشی ناوپاوان، میوەی ئەستیرەی نازدار ، چاروکەی تریفە ، خۆلی فێنك وەك پۆدرە .. »

چەند جوانە کە ئەلی : « من پەیمانم ناشکینم .. دڵو برواو ئاواتی دل . گورانیو خەندەو زاری گول . ناکەمــە دیلی تارو تەرم .. خەنجەر .. هەسپ .. هێزو سامان ، تاریکی دیننە ژیان . » وە یا « کراسی تەنکی وەك شەمال .

ئاوەها کۆل نەدانو بە دوای مەبەستدا رۆیشتنو فریو نەخواردن خەو دینینەدی، ئاسمان دینینە سەر زەویوزەوی ئەباتە ئاسمان !

دیسان پیویستە هەندێ ناهەمواری زمان بخەمە بەر چاو ، وەك ، ووشەی « ئیمرو » لە کوردی‌دا « ئەمرو »یە .. ئیمرۆ ئیمرۆزی فارسی‌یە .

**شەفیو شیرین :** زور گەشو ئاودارو پاراوە، هەرچەند ئەمیش خالی‌نی‌یە لە هەلەو ناهەمواری زمان.«سفیدە ئیوارە یە تاون « سفیدەو ئیوارانی تاوین » یا «قەلبەزەی ئاوی سەر هەرد » « ناو هەرد بووترایە رێكتربوو . « لە چاو خۆتان » ئەبێ لە « چاو خۆتانا » بێ لاپەرە ٦٨ ، ٦٩ . یا « هاتن بــە سەر چاومانەوە » « هاتن بەســــەر چاوان یا چــاوانمان » ئەووترێ .

لەنگی هەلبەستەکان لە گەلێ لادا دێتە رێمان مەگەر تیپی ئوپەریت بە هونەرمەندی خوی لەگەل سەماو گورانیو موسیقاکانا رێکی بخا . ئەمە ئیشی من نی‌یە .

نووسەر ، ووشەی « لەم » زور بەکار دێنێ لە جێگای

« لەو » وەك ئەلی « لەم کاتەوە کە شەفیم دی » کە ئەبێ بلێ « لەو کاتەوە » یا ئەلێ « ئاغا کچ » وام نەبیستوە هەر « کچ ئاغا »م بیستوە ، لەمەش نەگەیشتم : « لەم ساتەدا کە نیوەرۆ دلداری لی جۆش داوە . »

دیمەنی خەیالکاری دلگیری کێشاوە ، لە لایەن هەستی بۆیژانە و دەر بڕینەکانی‌یەوە ، شیوەی « لورکا »ی پێوە ئەبینم .. دەر بڕینەکانی « هیوای سەوز » ل ۸۰ « لە روناکی دەنگ گولشەن ساز ئەدەم » ل ۸۱ . « دوکەلی گریان لە گەرووما ئەدۆشی » ل ۸٤ « مردن هەر تۆ جوانی . وەرە ئەی بالداری رەنگین ، ئەی پەڕرو بال ئاسنی قورس» . بەلێ مردن جوانە ، مردن رەنگینە لای دلیکی زوێرو نامراد ، لە لایەکی تریشەوە مەرگ بالداریکی پەڕرو بال ئاسنینە ئەمەش جوان‌و پەسەندو تازەیە .

**سەرکەوتنی بەهار :** جوان‌و رێك‌و پەسەندە ، وەك لە تاقی‌کردنەوەی شانۆشدا سەرکەوتوە .

دوا هیوام بۆ کاك عبدالرزاق ئەوەیە کە کۆل نەداو دلنیام کە کۆلیش نادا . وە لەو سەرچاوەیەوە کە خوی هەلی بژاردوە گەوهەری نایابترمان بۆ بدۆزیتەوەو بیخاتەوە بازاری ئەدەبی تازەمانەوە ، بەلام لی‌ی ئەخوازم ،

۱ ــ چاکتر لە زمان بکولیتەوە .

۲ ــ پیش چاپ‌کردنی کردارەکانی پیشانی هاورێ‌یەکی شارەزای بدات ، تا هەندێ هەلەی بچووك نەبێ بە ( کاو کوزەر ) بۆ کردارەکانی چونکە بە راستی کردارەکەیم وەك گەنمیکي کوردی نایاب هاتە پیش چاو کە تەتەلە نەکرابی‌و کوزەرو کای پێوە مابێ بە تایبەتی لە « مردنی ئاواتا » .

۲۹ــ٦ــ۱۹٦۱      معروف بەرنجی

# کویەو شاعیرانی

صلاح علی

کاك کریم شارەزا نووسەری کتیبی کویەو شاعیرانی کە چەند لاپەرەیەکە لە ئەدەبی کوردی رەنجی بە با نەچووە ، شایانی سوپاس‌و پەسند کردنە بە هوی ئەوەوە کە کەلینیکی لە کتیبخانەی کوردی پی گرتەوە ، وە چەند خوش ئەبوو وەکو خوی لە سەرەتاکەی نووسیویەتی نووسەرو شاعیرانی کوردستان هەر کەس بەپی‌ی مەلبەندو ناوچەی خوی دەس بکەن بە کوکردنەوەی زانیاری ئەدەبی دەربارەی شاعیرو نووسەرو زانایانی کورد بو ئەوەی گەلی سەرچاوەی فراوان بۆ میژوی ئەدەبی کوردی بدوزینەوە .

پیش ئەوەی رەخنە لە کتیبەکەی بگرم سەر لە نۆی بە بن گوی‌دا ئەخوینم کە کاریکی شایستەی سوپاس‌و ریزگرتنی کردوەو بەلام ئەوو هەرکەسیکی‌کە کە بێتە سەر نووسینی ئەدەب‌و میژووی ئەدەب پیویستە زانیاریکی تەواوی هەبێ دەربارەی میژوی ئەدەب‌و مانای ئەدەب‌و سەرەتای داهاتن‌و بەشەکانی ئەدەب‌و جورەکانی هونراوەو چیروك‌و وتار بەپی‌ی ماناو بیرو شیوەو داررشتن وە لە هونەری بلاغەتی کون‌و هونەری اسلوبی تازەش ئاگاداربێ .. چونکە ئەگەر نووسەر ئەمانەی نەبیت ئەوا هەر وەکو گرامافونیك‌و چی بیستوەو خەلك چی‌یان بۆ هیناوە هەر ئەوە تومار ئەکات‌و ئەیلی‌تەوە ، ئەو دەم لە باتی ئەوەپێ‌ی بلین دانەر ، چاتر ئەوەیە پێ‌ی بووترێ ( تومارکەر ) .

کە ئەمە ئەلیین وە نەبی ماموستا شارەزا کەم‌و بیش لەم کتیبەدا ئەمانەی هیچ نەبوویت ، نا بەلکو هەیەتی بەلام پیاو هەست بە قوولی پشکنینەوەو وردی شـــــی‌ی کردنەوە ( تحلیل )ەیەکی ژیان‌و شیعری‌شاعیرەکان ناکات بەلکو ئەوەی

بەسەر سەرو پوتەلاکی شاعیری هەلدا بەسەر گەلیکی‌تریشی هەل ئەدا .

کتیبەکە ـ بە داخەوە ئەلیین ـ بێ بەشە لە سەر چاوەی بە نرخی ئەدەبی ئەگەر لاپەرە ١٧ بگرین‌و کتیبیکی ئەدەبی بکەین بە سەر چاوە کە لە پولی سێ‌ی متوسطە ئەخویندرێ راستی ئەم قسەیەمان بو دەرئەکەوێ ، ئەمە لە کاتیکا دەها کتیب بە عەرەبی لە سەر ئەدەبی چەرخی هەژدەو نوزدەی عەرەبی‌و زمانە دراوسیکانی‌ترنووسراوەتەوە سەدەها کتیبیش باسی هونەری ئەدەب‌و رێ نیشاندانی میژوو نووسی ئەدەبیان تی‌دایە .. وە تەنانەت لە باسی ژیان‌و شیعری زور لەو شاعیرانەی خەلکی‌تر لە سەری نووسیون وەکو مەلا محمدی جەلی‌و حاجی قادرو ئەختەرو صافی‌و تاد ... نووسەر نەی هیناوە شتیکی تازەی بخاتە سەر وە یا ئەگەر هیچ نەبیت لە بەرگیکی تازەو بە زەوقیکی جیاواز پیشکەشی بکات ...

کتیبەکە ، کە توماری سوچیکی ئەدەبی قەرنی نوزدەمی کردوە کە بریتی‌یە لە ئەدەبی کلاسیکی ـ تقلیدی کورد پرە لە نموونەی بەرزو دلگیری ئەدەب . پرە لە شیعرە دارژراوو بە ئاهەنگەکان لە وردە کاری بەلاغەتی وەکو جناس‌و استعارەو تشبیەو لف‌و نشرو کنایەتا .. بەلام داخەکەم ماموستا لە هەندێ شوینا . دێ کتووپر ئەدا لە بێنەی زەوقی خویندەوار بە تایبەتی کە نموونەی شیعری شاعیریك پیش‌کەش ئەکاو تەنها بەیتی یەکەم‌و بەیتی دوایی لێ‌بلاو ئەکاتەوە .. ئایا تو بلی‌ی نرخی شیعر بە تەنیا بەیتی سەرەتاو کوتایی دیار ئەکەوێ ؟ .. نەخیر ..

نازانم چون کاك شارەزا لە لایەن میژووەوە تووشی هەلەیەکی گەورە هاتوەو دەرکی پی نەکردوە ؟ لە لاپەرە (١٤) لە باسی حاجی بکر آغای قاصد نووسیویەتی کە هاو چەرخی محمد پاشای رەواندوزو ئەورەحمان پاشای بابان‌بووە ...

که تەماشای کتیبە میژوییەکان بە وینە گەشتەکەی مستەر ریچ یا میژوی سلیمانی امین زەکیو کتیبەکانیتر چەوتی ئەو ( هاو چەرخییەمان ) بۆ دەرئەخا کە هەرگیز ئاورەحمان پاشا هاو چەرخی محمد پاشای رەواندوزیو جاحی بکر آغا نەبووە ، بەلکو تەنیا محمد پاشاو حاجی بکر آغا هاو چەرخ بوونو ئاورەحمان پاشا زور پیش ئەوان کەوتوتەوە رەنگبی هاو چەرخی ئەحمد پاشای بابان یا محمود پاشا بووبێ ..

لە لاپەرە ( ٣٨ )دا هاتوە کە نالی هاوبەشی کۆبونەوەی شەوانی مالی امین ئاغای ئەختەری کردوە ، و بۆ ئەمەش بەلگەی ژمارە ( ٩ )ی سالی یەکی گوڤاری هیوایە ، کە سرنجیکماندا بەلگەکەی چە سەرچاوەیەکی راستو میژویی مان لی بەدی نەکرد ... وە لام وابێ نالی نەبووە ، چونکە ئەگەر چە نەبێ نالی ٣٠ ، ٤٠ سالیك لە تەمەنا پیش ئەو کەوتبووەوو ماوەی کوبونەوەیان بەم شیوەیەی ئەو ئەیەوێ نەبووە ..

لە کوتایی ئەم کورتە وتارەما داوا لە نووسەری بەرێز ماموستا کریم شارەزا ئەکەم کە سرومرر لە مەیدانینووسینو پشکنینەوەو زانیاری ئەدەبا هەنگاوی سەرکەوتن بنی بۆ پیشەوە .. وە هەرچەند کتیبەکەی لەم چەند خەوشانەش خالی نەبوو ، دیسان زور جیگەی ریزگرتنو پەسندییە ..

## سەر گول

چیرۆکیکی دڵداری دڵ بزوێنو بەتامە ، ماموستا مەدهۆش بە راوێژیکی ساکارو رەوان ، چیرۆکی کومەلایەتی کوردت بۆ ئەگێریتەوە. هەر کە دێریکت لیێخویندەوە سەری لە سەر هەڵناگری تا کاتیك ئەزانی وا کۆتایی هاتووە !

## ببوره

چیرۆکیکی سەر شانۆیە ، ١٤٤ لاپەرەیە نووسەرەکەی کاك کمال رؤوف گەلێ دیمەنی ناو کـــۆمەڵو گەلێ نیگاری گرێینەرو پیکەنیناویت نیشـــان ئەدا ، دڵو دەروونی کچی تازە ــ پێ گەیشتوو و کوڕی هەرەتی گەنجیت بۆ ئەکاتەوە .. لە نێوان زەردەخەنەو فرمێسکا باســـي سەربەســـتیو گوزەرانو نەریتو بیرو بروای گەلت بۆ ئەکا

ئەگەر خویندەواران ئاگاداري چۆنیەتی چاپکردنی ئەم کتێبە بن ، ئەو وەختە هەر چونیك بیت ناهێلن ئەم لاوە تازە پێ گەیشتووە زیانی پارەی لێ بکەوێ

## بەشی سێیەم لە فۆلکلوری کوردی

کوۆکردنەوەو نووسینی ماموستا محمد توفیق وردی لە ژیر چاپدایە ، بەم زوانە ئەکەویتە بازارەوە

---

### لە یانەی سەرکەوتنی کوردانەوە

خویندەواراني خۆشەویست .

لە ماوەی ئەم دوو سالەی دوایەدا ، چەند کتیبیکي کتیبخانەی نادی براوەتەوە دەرەوەو تا ئیســـــتاشـــ خویندەواراني بەریز نەیان هیناوەتەوە ، هەرچەندە ناویان لامان نوسراوە .

بە راستی ئەمە کاریکی دلتەنگکەرە ، چونکە بردنە دەرەوەی کتیبی یانە ، سەرەرای ئەوە کە زیانیکە لە یانەی کوردان ، خویندەوارانی تریش بيبەش ئەکا لەو بەرهەمە گرنگانە .

بو دوا جار ، ئاگاداری ئەم ماموستایانە ئەکەین بـــە زووترین کات ئەو کتیبـــانەی لایانە بـــومان بنیرنـــەوە ، گلەییان لە سەر خویان .

مدیری ئیدارە

# ناوی مانگە کوردی‌یەکان لە چی‌یەوە هاتووە؟

ماموستا بشير مشير

لە ژمارە ( ٣٣ )ی سـالی ١٩٦١ لە گوڤاری هیوادا وتاریکم بلاو کردەوە لە بابەت بەرواری کوردی‌یەوە ، بریارم دابوو کە لە ژمارەی هاتووا باسی مانگە کوردی‌یەکانتان بـو بکەم ، وا لیرە ناوەکانتان بو ئەنووسم وە لە سـالی ١٩٢٧ دا لە نامیلکەی ( هەق پەرستی )دا بلاوم کردوتەوە کـە ئـەبێ هەموو گـوڤارو روژنامـەکان بە پی‌ی ئەم ناوانە بەرواری کوردی بنووسن .

### « مانگەکانی بەهار »

● هەرمی پشکوان « مارت » ٣١ رۆژە ، لەم مانگـەدا درەخت ئەپشکوێو جررو جانەوەر ، دەسـ بە بزوتنەوە ئەکات .

● شەستە باران « نیسان » ٣٠ روژە ، ناوەکەی بـە خۆیەوەیە باران وەك کوندەی سەربەرەو ژیر ئەباری . کیچ زور ئەبێ خەلك ئاوی باران ئەخونەوە بۆ شیفا .

● بەختە باران « مایس » ٣١ روژە ، ئەگەر باران باری ئەوە لە بەختی خاوەن دەغلو دانو درەختو کشتو گیاو سەوزەواتە . عیل ئەکەویتە خوی بۆ کویستان چوون .

### مانگەکانی هاوین

● باران بران « حزیران » ٣٠ روژە ، کوردستان زور خوش ئەبێ ، قوررو چلپاو نامینی ، دنیا سەوز ئەبی . مالات داوای ئاوی سارد ئەکا .

● میوه گەنان «تەمووز» ۳۱ روژه ، پیاو له بەغدا وەکو میوه ئەگەنێ . له کوردستان ئەچنه دەرەوه بۆ نووستن

● گەلاویژ « آب » ۳۱ روژه ، له شەشی ئەم مانگـه ئاسك ئەچیته سەر شاخه بلندەکان تا ئەستیرەی گەلاویژ ببینی . بەراز خوی له چال ئەنی تا نەیبینی .. دوای ئاسك ئەسپ ، ئنجا گیان لەبەرەکانیتر گەلاویژ ئەبینن .

## مانگەکانی پایز ..

● هەوەل پایز « أیلول » ۳۰ روژه ، له شەشـــي ئەم مانگەدا لەبەر دەرکی سلیمانی ( ۱۹۳۰ ) قەلاچوی لاوی کورد کراو ئیستاش هەموو سال ئەبی بەبی دەنگی یادی ئەم روژه بکەنەوه .

● گەلا ریزان « تشرین ۱ » گەلای درەختان زەردئەبن‌و هەلئەوەرن .

● کەوبەدار « تشرین ۲ » لەم مانگەدا کـەو ئەچیته سەردار خەلوز ئەکرێ ، گەلا گیشه ئەکرێ . راوه کەو زور ئەبي . کورد ئەلیت « ئیمشەو شەوی پایزه میوان لای کورد عەزیزه »

## « مانگەکانی زستان »

● هەوەل زستان «کانونی یەکەم» ۳۱ روژه . زەخیره دائەنرێ بو زستان . عیل له گەرمیان شـــــەقام گیرئەبی . گورەوی بازی‌و فنجانین دەست پی‌ئەکا .

● چله « کانون ۲ » زور سارده . ئەم مانگه بەرهەردوو چله ئەکەوی

● بازه بەران « شباط » ، ناوەکه لەوەوه هاتوه که روژ له بورجی خوی به وینەی بەران باز ئەدات بۆ بورجیکیتر .

**( ماویەتی )**

# ئەیلولی خوێناوی

**کاکە مەم**

تەنیا پینج روژ بە سەر ئەیلولی ۱۹۳۰دا تێپەری‌بو ، بۆ سبەینی زوو لەگەل کەوتنی روژی شەشەم ، خـــویني دەستەیەکي نەبەزی چالاکي کورد رژێنرا ، وەك شـــاباش گوللە بە سەریانا رژا ، نالەی دایك ، زریکەی منال ، ئاخی لاوە بریندارەکانمان ئەگەیشتە ، شاخەکان ، دەنگی ئەدایەوە، بەلێ .. کورد هەتا وابێ ئەمە بەشی ئەبێ ، داوای ئازادی بکا بە رەشاش وەلام ئەدرێتەوە ، بو تەنیا داوای ژیانیکـــی بەختیاری ، سیدارە ئامادە کراوە ، خۆ رزگاری .. تاوانیکە بوردني بۆ نیە .. کورد .. رزگاری ! نەبووە ، نابي .. چون؟ هەر ئەبی لە ژیر کوتو زنجیر بنالێنێ .. ئەمە بەشیەتي .. رازی نەبوونیش وەلامەکەی هاسانە . با لە خویني خـــۆی بگەوزێ تا مردن ..

یاد کردنەوەی ئەو روژانەش ، رۆژیکی لەو رەش‌تری بەسەر نەبردایا ، خـــۆش‌تر نەئەبو .. چـــۆن یادی ئـــەو شەهیدانە بکرێنەوە کـــە بەرامبەر امپریالیزمی دۆســـــت وەستاون ! داوای ژیانیکی لەمە خوشـــــتری لێ ئەکەن ! . ئەمەشـــ بـــوو ڕای کلکـــەکاني ، بیرو باوەری نیشـــــتمان داگیرکەرانمان ..

بەلام شەشـــي ئەیلولو راپەرینەکاني تری کـــورد ، نەرۆییوەو نارِوا ، بي یاد کردنەوەیان ، بی سود وەرگرتـــن لە زیانەکانیان چونکە ئەو روژانەیە رێ خەباتي نەتەوایەتیمان بو ئەکیشيو رون ئەکاتەوە ، کەندو کوسپي رێی بەختیاریمان دەرئەخا ، شەقامی ژینمان رون ئەکاتەوە ..

هەر چەندە ، کوتو زنجیرو بەندیخانەو کوشـــــتنو

هەلواسین بەشمان بێ .. بەلام بە هیــچ جــۆریك چاومان ناترسینێ ، ماندومان ناکات لە روخاندنی قەلای امپریالیزمو نوکەرەکانیان .. شتیکی سەیرە ، ئایا تاکو ئیستا امپریالیزمو کلکەکانی هەستیان بەوە نەکردوە کە نەك ئەم کارانە ، بەلکو چەکی ئەتومیش بە هیچ جوریك ناتوانی ژیانی بەندیخانەو ژیر چەپوکي بە کورد بسەلمینی هەمیشەو هەتا هەتایە ؟ !

شەری شــەشـــی ئــەیلولی خــویناوی ، کـــورد بەرپای نەکــرد ، وە کــورد هەمیشـــە ئــەوەی بە یــادا نەهــاتووەو نایــە کــە رۆلــەکانی بکــاتە قــەلفــانی گولله ، هەتا ریگای ئاسایش مابي ، ئەگەر کورد بي‌ویستایە ئەو روژە ، شورشی بەرپا کردایا ، هیچ نەبوایە چەکی لەگەل خۆی هەلئەگرت .. رووت ، بي چەك روی نە ئەکردە بەر دەرکی سەرا بو داوا کــردنی ئەو مافانەی خراونەتــە ژیر لیوەوە . بەلام زوردار چەك دارو بي چەك ناناسي ، بي چەك بي باشترت لی ئەدا .. ئەمە بوو یەکەم دەرس لەو رۆژە رەشەمان وەرگرت ..

روژنامەی خەبات ووتی : کە کوردەکان ویســـتیانو داوایان کرد شوێنیان دیاری بکرێ ، وەکـــو نەتەوەیەکي دوهەم لەو حکومەتە تازەیەدا ، وە داوایان کرد شوێنیان لە سەر بناغەیەکی سروشـــتی دیاری بکرێ . وەکـــو چـــۆن دەولەتە فرە نەتەوەکاني لە سەر دائەمەزری ، کـــە ئـــەو بناغەیە بریتی‌یـــە لە دان‌نان بە هەمو مافو پیویســـتی نەتەوەکان ، چۆن یەك ، وەکو نەتەوە ، نەك وەکـــو ئەفراد ، بەلێ .. کە کوردەکان ئەمەیان ویست ئیستیعمار روبەروی ئەم داخوازی‌یە راستە شەرعی‌یە راوەستا . »

ئەمەیە میژوی شەشي رەشي ئەیلول لە چەند دیریکا . بەلام ئایا امپریالیزم بەوە رازی‌بو .. نەء .. کــورد داوای جیا بونەوە ئەکا !! .. وەکو جیابونەوە قسە روتەکانیان بي ، بەلێنە درویەکانیان‌بي .. جیا بونەوە شـــتیکی ئەوتۆ نی‌یە

کورد وا بە ئاسـانی ، بي چەك ، هەلی گری .. وە ئایا .. بۆچی داوا کردنی مافی نەتەوایەتی جیابوونەوە بی.. بەلام با امپریالیزمو زورداران ئەوەیان لی رونبي .. ئەوەی ئەوان ئەیانەوی خەیال پلاوە ، بە هیچ جوریك نە عەرەب نە فورس نە تورك بەم قسانە بروا ناکەن .. کورد خـۆی بە هاوریٚ هەمو گەلیك داناوەو چ جای دراوسیەکاني ..

ئەوا ، یادی شەشی ئەیلولیشمان بە یادو فرمیسكو عبرەتەوە تيپەراند .. ئەوەی پیویستبو لیمان وەرگرت . بە تایبەتی لە شەشي ئەیلول کە بی تاوان ، روت ، بی چەك گوللە باران کراین .. بەلام کلپە گرتنی خەباتی ریکو پیکمان خوشتربۆ ..

نەمری بو قوربانی‌یە شەهیدەکاني شەشي ئەیلـول مەرگو سەر شۆری بو داگیرکەرانو نوکەرانیان .

ژیان بو کوردو بو کوردستان .

ئاشتیو دوستایەتیو برایەتی بۆ هەمو گەلان .

---

## ژان ژاك رۆسۆ ووتویە :

- پیت ئەلێم گویٚ لە داگیرکەر مەگرە ، چونکە ئەگـەر جاریك تەنیا گویٚی لیٚ راگری لە ناو ئەچیت ، .. بەرو بوومی زەوی هي هەمووما‌نە بەلام زەوی مافی کەسي پیٚوە نی‌یە بە تەنیا .
- ئەوەی کە قسەی پی ناویٚ ، وە لە راستی‌یا بنچینەی مافی سیاسي‌یە گەل سەروکەکانی داناوە بۆ ئەوەی سەربەستی بپاریزن نەك بیخەنە ژیر رکیفیخویانەوە.
- دادپەرستیو راستی یەکەم شتە ئادەمیزاد خوی پیوە بەستوتەوە وە مروڤایەتیو نیشتمان یەکەم شتە مروڤ کە خوشی ئەویٚ ، کە هەر کاتیٚ ویستی . سەر بەرەو ژیریان بکا ، گەورەترین تاوان ئەکا .

# ئەدەبی میللی کونو ئەدەبی کلاسیکی ڤیتنام

وەرگێر عاصم حەیدەری

ڤیت نامەیی‌یەکان میژویکی پر لە قەوماویان هەیە ، دەنگو باسی مێژوو وا نیشان ئەدا کە دەولەتی « اولاك » AULAC لە سالی ٢٧٥ی پیش زایین لە ڤیت‌نامي ژووروی ئیستا دامەزراوە . هەروەها پاش ئەوە دەرەبەگەکانی چین هەزار سال لەم وولاتە حوکمرانیان کردووە و لە پاش خەباتو تیکوشانیکی گرنگ وولاتەکە لە سالی ٩٣٩ی زایین سەربەخۆیی وەرگرتو شاری ( هانۆی ) لە سالی ١٠١٠ی زایین بوو بە پایتەختی وولات . رژیمی کشتوکالی بە (سەرەتایی‌یانە) مایەوە لە ژیر سیبەری ئەو دەرەبەگایەتی‌یەی لە زووەوە لە ڤیت‌نامدا دەرکەوت ، بەشی زوری دانیشتووانی وولات جوتیاری پیٚ‌خواسو خۆلاوی و دەست بە قرێژ بوون ، برنج چاندن نەبی شتیکی تریان نەئەزانی ، بەلام لە گەل ئەمەشدا روو بەڕووی زولمو زۆری دەرەبەگەکانو جەوری ئاغاو میرەکان راپەرینی چەکدارانەیان زۆر بوو ، کە لە دوایی‌دا بوو بە تی‌کوشانو خەباتیکی ریکو پیك لە ریگای ئازادی نیشتمانی‌دا .

ئەم ڕووەی میژووی ڤیت‌نام تەئسیریکی گەورەی هەبوو لە سەر گۆرینی ئەدەبی ڤیت‌نامی ، کە بوو بە هۆی بوونی پەیوەندی‌یەکی نەپچراو بە ئەدەبیاتی میللی : بە مەقامو سترانو سرودی بی ژمار بە بەندو هەلبەست ، کە کور لە باوکی‌و ئەو لەباپیری ئەیان‌گیرایەوە وە لە هەریمیك‌بۆئەوی‌تر بلاو ئەبوەوە .

ئەم مەقامو سترانو هەلبەستانە لە دیهاتەکانا دەرکەوتن وە لە ناو ئەوانەدا ، گەلی میللەت باسي هەستی دەروونی خوی ئەکردو بیرو باوەری تیا دەرئەخست ،

کەوا ئاوینەیەکی روون بوون بۆ ئارەزووەکانی چاکە خوازی میللەت ، وە پیك هاتبوون لـە ئازارو هیوای میللـەت ، لە هەستی تیکوشان روو بە رووی کار بەدەستە دەرەبەگەکانو هەندێ جاریش رووبە رووی قەرال

لە بەناو بانگترین چیروکی شیعری میللی هەلبەستی « تاش سانهە » ( Thachsanh ) کە بریتی‌یە لە هەزار بەیت شیعر باس لە کردەوەی مەردانەی دارکەریکی هەژار ئەکا کە توانیتی نوقومی ژیر دەریابیو ژمارەیکی زور ماری ژەهراوی بکوژێ . هەروەها چیروکی ( سەندریللا) چیروکی «راوکەرو کچە میر » و « چیروکی ماسیو بۆق » بە ناوبانگن ، ئـەم هەلبەستانە بۆ گەلی میللەت نووسراوەو جیاوازی هەیە لە گەل ئەم هەلبەستانەی بۆ چینی زانایان نووسراوەتەوە .

لەبەر ئەوە کە زمانی ( چینی ) زمانی نووسـینی میری بوو لە ڤیتنام ، بۆیە نووسەرەکانی ئەم وولاتە روویان کـردە زانستی چینی ، ئەنجامی ئەمەش ئەوە بوو کە چەند پەراوی ڤیتنامی بە زمانی چینی دەرچوو وەکو پەراوی « میژووی ڤیتنـام » نووسـینی « لــوڤان هـو » Levan huu کە بە ١٣ جزم دەرچوو ، وە پەراوی « سەدەی سیزدەهەم»و «نووسینە فەلسەفی‌یەکان» نووسینی لوکی‌دون Lekuy Done و پەراوی « سەدەی هەژدەهەم »و گەلیکی تر ..

زۆر بەکار هینانی ووشە چینی‌یەکان ، نووسـەرە ڤیتنامیەکانی هاندا کە ووشەی نەژادی تایبەتی خـویان بدوزنەوەو بە ناوی « نوم Nom » ناسرا . لە سـەدەی ١٣ هـەم بویـژی بەناو بانـگ هان ثویـن Han Ahoyen توانی هەلبەستەکانی کە بەلەهجەی « نوم » نووسـرابوو هەنگاویکی بەرەو پیشی پێ بنیو سەرکەوێ تیایا ، وە لەم کارەدا شوینی هەلبەستی کلاسیکی چینی کەوت .

پەیدابوونی ئەبجەدی نەژادی بانگیك بوو بۆ گوررینی ئەدەبی کلاسیکی ڤیتنام . لە سەدەی پانزەدا ئەکادیمیەکی

هەڵبەست دامەزرا بە ناوی « ئەکادیمیەی ئەستێرە » لە سەدەی هەژدە هەمو نوزدەهەم زمانی ڤیتنامی چەسپاو شوێنی خوی گرت . لەم ماوەیەدا ئەدەبیاتی کلاسیکی لە ڤیتنام پەیدا بوو ، بەلام لە هەمان کاتە ئەمە ماوەیەکی تاڵیو ناخوشی بوو بۆ گەلی ڤیتنام ، چونکە رژیمی دەرەبەگایەتی جووتیارە هەژارەکانی ئەچەوساندەوە ، دەرەبەگەکانی ڤیتنام لە یاریدە وەرگرتنی میرەکانو دەرەبەگە چینی‌یەکان کویان نەئەکردەوە بۆ لە ناو بردنی دوژمنەکانیان. وەسەربازە چینی‌یەکانیش لە وولاتا بەرو بوومی نیشتمانیان تالان ئەکردو ئەبرد .

لەبەر ئەوە ئەدەبی ئەم ماوەیە ئیشو ئازاری گەلی میللەت دەرئەخا ، ئەمەش لە نووسینی سێ ئەدیبی گەورەدا دەرئەکەوێ وەکو لە مەولا لە چەند دیریکدا باسیان ئەکەین :

لە پێشەوە شاعیری ئافرەت دی کە ( دو آن ثی دیم )ەو دانەری هەڵبەستی « شێوەنی ژنە سەربازیکە » کە لەم هەڵبەستەدا وینەی ئازارو دەردە سەری ژنە ڤیتنامیەکان دەرئەبرێ لە سالانی شەرەکەدا . هەروەها ئارەزووی میللەت پیشانئەدا بۆ ئاشتی . وە ئەمە بە نموونەیەکی تایاب ئەژمیررێ لە ئەدەبی بەرز .

شاعیری دووەم ژنیکە بە ناوی ( هوسۆآن هونگ )کە شارەزایی‌یەکی باشی لە زمان هەبوو وە ئەدەبەکەی تەرخان کردبوو بۆ ئەنجامی ژیانی ئافرەت لە ژیر بالی یاسای دەرەبەگایەتی‌دا ..

لە هەڵبەستەکانیا گالتەی بەم یاسایە ئەکردو رەخنەی لە بەدی‌یەکانی ئەگرت وەکوو نەریتی زور ژن خواستن . وە بە شیوەیێکی نەبەزانەو ئازایانە باسی ژیانی کۆمەلایەتی کردوە کە لە سەر پایەی دوو روویی‌و ناپەسەندی‌و کارەسات

چەسپاوە ... تا ئیمرۆ (هوسۆآن هونگ) خوشەویست‌ترین شاعیرە لای گەلی میللەت .

شاعیری گەورەی سێیەم (نوین دو )ە (Nouyen Du) کــــە ژیانی ئەو سای ڤیت‌نامی وینە گـــرتوەو پالەوانانی هەلبەستەکانی لای میللەت خوشـــــەویت بوون ، تەنانەت بەشیکی نەمرن لە ئەفســـــانەکانی ناو میللەت ، گرنگترین هەلبەســـتی چیروکی یەکیکە بەناوی ( ثوی کیو) Thoykie کە باس لە چیروکی ئافرەتیکی جوانی بلیمەتی لادێیی ئەکا ، ئاگاداری‌و تێ‌گەیشتنیکی تــەواوی ژیانی کـــۆمەلایەتی‌و چینەکانی گەلمان تی ئەگـــەیینێ ..و بۆگەن بوونی رژیمی دەرەبەگایەتی ئاشکرا ئەکا .

وە هەر لەم چیروکە شـــیعری‌یەدا لاوی ڤیت‌نامی ( توهی ) میردی ئافرەتە جوان‌و زاناو بلیمەتەکەیە ، نارەزایی گەل لە دژی رژیمی زورداری نیشـــــان‌ئەدا ، کە ئەم لاوە شەرکەریکی ئازادو دلپاکە دەست‌و پیوەندو چلکاو خۆرەکانی پاشا هەلیان خەلەتاندوەو کردوویانە بە لایەنگیری خــویان ، بەلام لە سەر ئەوەشەوە کورەکە ئەمرێ ، پالەوانانە ئەمرێ .

جگە لەمە هەلبەستی ( کیم ڤان کیو ) هەیە کە بریتی‌یە لە ٣ هەزار بەیت کە بە ملحەمەو سرودی خوشەویســـــتی ئەژمیررێ ئەتوانین بلێین بەرزترین پلەی پی‌گەیشتنی زمانی ڤیت‌نامی‌یە بە راستی ( نوین دوو ) نووسەری ئەم مەلحەمەیە هەر وەکو شاعیری بەرزی روسیا ( پوشکین ) ئەژمیرری لە چاو ئەدەبی ڤیت‌نامی‌دا . کیم ڤان کیو میراتیکی کلاسیکی بەنرخە ، هەتا ئیستا لە دیهاتەکانا بەیتەکانـــی بۆ منـــالان ئەخویننەوە .

+

+ +

# دیپلومي بەرزو کوردەکانی سۆڤیەت

**نووسینی ماموستا : میکائیل رەشید**

**ووردی : لە روژنامەی ریبا تارەی ژمارە ١٠٦٤ ی وەرگرتوە**

لە شاری ئەریڤاندا لە گەلی قوتابخانەی بەرزدا کچو کورانی کورد خویندنی خویان تەواو ئەکەن . پاش ماوەی مانگیك بەهوی یاریدەدانی بەریوەبەرانی ئەو قوتابخانانەوە خویندنەکەیان کوتا ئەبی وە ئەچنە ناو کومەلەوە بو ئەوە لە بەرنامەی کە دانراوە دەست بکەن بە ئیشو فرمانجیبەجی کردن . ئەوانەش وا ئیستی خـویان ئامادە ئەکەن بو تاقی کردنەوەی دەولەتی لەناو جامعەی (یونیڤیر سیتیا) ئەریڤانی دیسان ئەو قوتابیە کوردانە خەریکی ئەوەن کە دیپلـومي خویان تەواو بکەن . لە پیشەنگو پیشـــس رەوی ئەوانە ( جەلیلی جاسم )و ( ئامائوسڤ )و ( سیماند )ە . ئەوانەی کە لە بابەت شتی میللی کوردەوە ( اطروحە ) ئەنووسن .

ئەوەی کە پیوستە لە سەریان ئەویش ئەوەیەکە دەبی بزانن کام شت بە نرخە ئەوە بنووســن وە ریگا پیشـــانی کومەلو میللەتەکەیان بدەن. ئەو ناوبراوانە بەم زوانە ئەگەنە هیواو ئامانجی خویان . ئەو نووسینە کە ئەوانە ئەینووسن پیی ئەلین ( دیپلومي باشقە ــ ممتاز ) . جەلیلی جاســم اطروحەی خوی لە بابەت میللەتی کوردەوە ئامادە ئەکات . عنوانی نووسینەکەی کە دیپلومی تیا وەر ئەگریت بەو ناوەیە: ( حالەتی کوردەکان ــ باســـی ئابووریان لە کاتی رژیمی سوڤیەتیدا ) .

لەناو نووسینەکەیدا جەلیلی جاسم باسی زور کونی میللەتی کورد ناکات بەلکوو دەست پیئەکات بە پەنجا سال

لەمەوبەریان لە کاتیکدا کە ئیمروکــە لەباری کــوردانی سوڤیەتیدا گوررانیکی زور گرنگ رووی داوە . ئەو بــو ئامادە کردنی اطروحەکەی زور شتی کو کردوتەوە وە زور هەولو رەنجو تەقەلای داوە . ئەوەی کە دەبی لە پیشــ هەموو شــــتی بووتریت ئەویشــ ئەوەیە کە لەناو ئەو نووســـینەیدا بە ریگایەکی زانســــتیو علمی ریگا بو میللەتەکەمان روون ئەکاتەوە لە بابەت ئەو شتانەی کوردەوە ئەدویت :

تەبیعەتی ( خوو رەوشــتی ) کورد ، هەلســـــانو دانیشتنیان ، زبانی کوردی ، وە گەلی شتی میللیتر .

جەلیلی جاسم لە نامەکەیدا ریگایەکی زانستیو بــە ترخی گرتوتە بەر ، وەکوو زانایایەکی بەرز بەلگە ئەهینی ، لە بیری کەس رازی نیە خــوی هــەمووی لە بیری زادەی خوی وەرگرتوە .

لە سەرەتای نامەکەی (اطروحە)ی لە بابەت نیشتمانی کوردو ژمارەی ئەدویت لە خاکی تورکیاو ئیرانو روسیادا لە دەمی قەیسەری . لەو بابەتەوە زور شتی گرنگو بەجی باس ئەکات ، لە بابەت هەموو شتیکی ئەو کوردانە کە لەو خاکانە دائەنیشن ئەدویت .

لە پاشا نامەکەی دیتە سەر باســـی باری ئابووری میللەتی کورد لە ژیر سیبەری رژیمی دەولەتی سوسیالستی ( هاو بەشی ــ اشتراکی ) دا ، دیسان باسی تیکوشــــانی میللەتی کوردو حالیان ئەکات لەناو وولاتو خاکی هاوبەشی مەزندا کە بە چە جوریکە ئیستی ...

هەروەهاش لە بابەت نەزانیو حالی کوردەکان ئەدویت لە ژیر رژیمی ( دەرەبەگی ــ فودالیزم ) دا دیسانەوە لەبابەت دەولەتو کاسبیو ئیشو رەفتاری کوردیش ئەدوی .

باسیکی جوانیشی بە دورو دریژی تیایە لە سەر کوشتن‌و برین‌و ئازاردان‌و لەناو بردنی گەلی کورد لە ئیرانی فاشستی‌دا ، لە روسیای قەیسەری حالەتی کورد چوون‌بوو باسی ئەکات وە چیان بە سەر هات ئەوەشی پیشان‌داوە .

هەول‌و تەقەلاو کوششی ماموستا جەلیلی جاسم‌و نووسینەکەی لەو نامیلکەیە ( اطروحە ) زور بە نرخەو شایانی سوپاس‌و شانازی هەموو کەسیکە .

هەروەها رەنج‌و تەقەلای کچە کورد ( ئامائوسف )یش رەنجیکی بەردارە . ئەو کچە لە بابەت مقامی کوردی‌و گورانی بە دەنگ ( حەیران‌و لاوك‌و بەستە ) اطروحەکەی نووسیوە .

باسی ئەنالیزی ( نەغمەو بیر )ی کە لەو شتانەدا هەیەو بەوردی ئەکات ، هەروەها لەو گورانیانە ئەدویت کە لە شای‌و هەل پەرکی ئەووترین . بویە لی‌کولینەوەی ئەو خوشکە زور بە سوودە .

باسەکانی فولکلوری میللەتەکەمان یەك جار دەولەمەندە وە زوور سەر سوررمینەرە لەو بارەشەوە ( ئاما ئوسف ) گەلی گورانی‌و بەستەی کوردی نووسیوەو هیناویەتە سەر کاغەزو باسی گەلی تریشی‌کردوە ، هەندی بەستەو گورانیشی هیناوە کە خەلکەکە بە تیکەل‌و پیکەل ئەی‌لین ئەوانەی راست کردوتەوە ، وە باسی ئەو مقام‌و گورانیانەشی کردوە کە پیش‌کەوتووی رژیمی سوڤیەتی ئەخەنە بەر چاوی میللەت .

بەرزی ئەو نووسینە لەوەیە کە باسی ئەو گورانیانەشی کردوە کە بوتە بانگ هیشتیك ( دعوة ) بو بەرەو پیشەوە بردنی سوسیالستی‌و پال پیوەنانی میللەتی کوردو کوردایەتی

دیسان ئەوەی پیشان‌داوە کە بیرو باوەرری هاوبەشی زور جوان ئەبینریت لە ناو گورانی‌و باسی فولکلوری میللی کورددا ، فولکلوری کوردی باسی ئەو شتانە ئەکات : شتی

پیویست ، هیواو مرازو ئارەزوو ، شکایەت کردنو پیشان دانی دەردو ئازارو برینی کومەلو کومەلایەتی لەناو کوردەـ واریدا .

( ئامەی ئوسف ) توانیویە لە بابەت ئەو گـــورانیانە بدویت کە بو شاییو هەلپەرکی ئەشین وە بە پیویســـتی ئەزانیت کە نووسەر ئەو مقامو گورانیانە بزانیت وە بوچـی ووتراون . هەر وەهاش لیئەکولیتەوە لە بابەت ئەو بیرانەی کە لە ناو ئەوگورانیانەدا هەیە وە بوچە ئامانجیکیش ووتراون بە تایبەتی لە سەر گورانی بە دەنگ (بەستەو لاوكو حەیران) وە دەریخستوە کە ئەو گورانیانە زور جوانو پرر مەعنان ، وە بەپیی پیویستی گەلو کومەل لە هەموو کاتیكدا هاتونە دانان .

باسی ئەوەشی نووسیوە کە گورانیو مقام چە کاریك ئەکاتە سەر دلی دوو دلدار کە ئەیلین ، دیسان خەلکی تەنیا لەناو مالدا خوی بەو گورانیانە ئەخافلینی لە کاتی دلتەنگیو خەمباری .

( ئامەی ئوسف ) پیشانمان ئەدات کە لە گورانی میللی کورد دا زور شتی نایابو گەلی بیری بەرز هەیە وە جووری ووتنی گورانی کوردی بە دەنگ یەك جار پرر مەعنایە .

ئەو بیرو برروایە بە گەلی وینەو هو دەری خـــستوە نووسەری ئیمەی لاو باسەکەی دینیتە سەر جووری ژیانی کچو ژنانی کوردەواریو باسی خوشەویستیو ئاواتەکانیان ئەکات ، دیســـــان باری جوری ئابوری بە چـــە دەوریك دا رویشتوەو ئیســـــتی چونە لە کاتی رژیمی ســــوڤیەتیو سوسیالستیدا ئەوەش ئەخاتە روو .

**ماویەتی**

چیروك

# شاڵلا سواری کەرێکیشیان بکردینایە

میدیا

سێ بەسێ لە دەورو بەری سەعات یانزەی سەر لە بەیانی‌دا بەرەو ژوور بوینەوە ڕووەو ماڵی مامۆستا عەزیز بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ ، بەڵام کە گەیشتینە لای چایخانە گەورەکەی سەرشەقامە سەرەکی‌یەکەی شار کەڕێ ڕەوی گەلێ لە شوێنە گشتی‌یەکانی ناو شارە وام پێش‌نیاز کرد کە لابدەین تاکو شتێکی سارد بخۆینەوەو کەمێکیش وەخت بە سەر بەرین چونکە هێشتا کات بە بەریەوە مابوو ، کەمن وام ووت مامۆستا عەزیزیش واتەکەمی پەسند کرد ، ئەتوانم بڵێم پێشی خۆش‌بوو ، چونکە ووتی ئێوە دابنیشن منیش تاناو بازار ئەچم ڕاسپاردەیەکی باوکم هەیە ئەی‌گەیێنم‌و گورج ئەگەرێمەوە لاتان ئەوسا پێکەوە ئەڕۆین ، بەم جۆرە ئەو بەلای کاری خۆیەوەو ئیمەش بۆناو چایخانەکە ملمان نا .

کە چوینە ناو چایخانەکەوە ڕوومان کردە قوژبنێك لە دەوری مێزێك لێ‌ی دانیشتین‌و ووردە ووردە کەوتینە قسە کردن ، هاورێ‌کەم شاری نەبوو وە لەڕواڵەتیش‌دا زۆر پۆشتەو پەرداخ نەبوو بەڵام لە چاوەکانیا سووربوون بۆ گەیشتن بە ئاواتێك دیاربوو ، وە لە ناخی دەروونیا گەلی هیواو ئاواتی پەنگ خواردوی ناو مێشکی ئارامی گرتبوو ، چاوەڕوانی کاتی خۆیان بوون تاکو وەك تیر لە نیۆانی دوو لێوی باریکیەوە دەرچن بەرەو ئەو لاشەیەی کە قازانجی ئەو وە دەستە براکانی لە سمیني سەردڵی دایە .

دوای ئەوەی جگەرەیەکی بە چەرخەکەی داگیرساند ئانیشکی ڕاستی دادایە سەر مێزەکەو مژیکی قووڵی لە

جگەرەکەی داو زۆر بە شێنەیی ووتی : مامۆســتا لە مێژە بە خزمەتتان نەگەیشتوم ، بەڕاستی ئێمە کەڵکــی ئەوەمان پێوە نەبوو کە تۆ بەجێمان بهێڵیت ، خۆزگە جارێکی تریش ئەهاتیتەوە ناومان .

منیش ووتم کاکە عەلی ، خەمت نەبێ ، بڕوات بێ کــە هەموو مامۆستایەکی دڵسۆز لەمن زیاتر بە تەنگتانەوە دی ، ئەرێ بەڕاست ئێستا باری ژیانتان چۆنەو کۆمەڵەکەتان لە چی‌دایە ؟

ـ هەی بێ قەزابی لەچی ئەپرسیت بەسەری تۆ ئەو دەمەی کە تۆ لامان بویت چۆنت دیوین هەرواین ، کۆمەڵیش لە چیا بێ ! بروا بکە وەك میوژە قرپۆك هەر قاڵورەکەی ماوەو هیچی‌تر ، بەم جۆرە بوونو نەبوونی وەك یەکە، ڕاستی‌یەکەی هەر چەندە سەمەرەکە زۆری بە سەر ئێمە هاتووە چونکــە ئێمە زوربەی دانیشتوانین‌و جێ‌بەجێ کردنی مەسەلەکەمان کێشەی زۆرەو ئەبێ دوورەوپەرێز نەوەستین‌و ڕاستەوخۆ تێ هەڵچین بەڵام زۆریش هیوامان بە لاوان‌و ڕۆشن بیرانی شارە کە ڕێمان بۆ ڕۆشن‌کەنەوە ، جگە لەوەی لەم کاتەدا کە وولاتیش پێویستی بە کۆمەکی هەموو ئەو کەسانە هەیە کە لە پاشە ڕۆژا ئەحەوێنەوە وە ئەبێ بەشی خۆیان وە بەپێی توانایان هاو بەشی خەبات بن ، کەچی بەپێچەوانەوە گەلێك لەو لاوانە خەریکی خواردنەوەو قومارکردن‌و وەخت بەسەر بردنن بە قسەی هیچو پوچو ... با هەر قسە نەکەم لەوەش خراپتر ، ئیتر وازبێنە خۆت لە منی باشتر ئەزانی .

ـ تو سەری خۆت ئەگەر تەواوی نەکەیت .

ـ چی تەواوکەم بێ‌قەزابیت گوابە تۆ هەست بە هیچ ناکەیت ، هەر لەم چایخانەیەدا ئالەو لسێ چوار ئەفەندی‌یە قسەی وام گوی لێ‌بووە بیان خەیتە سەرنان سەگ بۆنیان پێوە ناکات .

ـ کامانە .. ئەمانەی تەنیشتمان کە پێ‌ئەکەنن ؟

ـ بەڵێ ، بەڵێ ، ئەی خـوا لەوەجاخیاندا نەهێڵێ ، چاوت لەو یەکەیان بێت ، قژی وەك پۆپنەی عەلیشیشـس هێناوەتە سەر لووتی ، تۆ گوێ بگرە ئەوسا بۆت دەرئەکەوێ بەچی پێ ئەکەنن .

لەو کاتەدا سیانەکەی تریان ڕوویان کردبووە بوگلـە بەسەرو بەدەم پێکەنینەوە لێی ئەپاڕانەوە بۆ ئەوەی ئەویش بەسەرهاتەکەی دوێنێی خۆی بگێڕێتەوە ، تا لە ئەنجامدا ووتی ، باشە بۆتان ئەگێڕمەوە ، بەڵام بە شەرەف قسەی تیا بکەن لێتان زویر ئەبم ، یەکەمیان لەلای ڕاستییەوە ووتی : جوانە مەرگبم قسە ناکەم ، دوانەکەی تریش ووتیان : گیان ، بە چاوی باڵا بەرز وورتە لە دەممان نایەتە دەرێ .

ـ دە گوێ بگرن ، شۆخە ئەسـمەرەکەی لە مانگی پێشودا لە کۆڵانەکەدا لەگەڵ ئیوە تووشـی بووم ... ئەی هاوار ئەو نازدارە چییە خـوا دروسـتی کردووە ، بە شەرەفی ...

لە پر یەکیکیان قسەکەی پێ بڕیو بە دەم پێکەنینەوە ووتی : ئاخ ...

ئەمجا بوگلە بە سەر ووتی ٔ ئاخر نەم ووت قسەکەم پێ نەبڕن ، بە شـەرەفی جەماعەت لە جـوانیا قوڵپ ئەدا ، وەی ، وەی کوێربم بۆ ڕەوتی لە سەر خۆو لارو لەنجەی .

ـ ئەی دایکم بەقوربانی بێت .

ـ ئای ئەمجا نۆرەی تـۆیە ، ماڵتان بە قـوڕ گیرێ ، لووتی قنجی ڕووی لە کوڕە کاژاوە ، کە جارو بار بەڕیکەوت لە زیخێك هەڵئەدات ، زیخەکە وەك لە خۆشیا ئارامی لەبەر بڕابێت ئەو دەرپەڕینەی کـە دەر ئەپەڕێت تا لە چـاو وون نەبێت ناگیرسێتەوە .

ـ کوا یەکێکی لە تۆش هەڵبدایە ، بەڵام تۆ ئەوەنـدە بەختەوەر نیت .

ـ ئەی مردوتان مرێ کە درێژ دادڕن هەر تۆ مابووی

تۆش خۆت پێ ڕانەگیرا ، دەلێم گەڕێن با تەواوی کەم ..

ــ ئێ دەی فەرموو .. ئاو زایە دەممان .

دوێنێ تووشی بوومەوە ، وەکو جاری جاران خۆتان ئاسایی تەنگم پێ هەڵچنی‌یەوە ، هەر چۆنێ بوو بە توانجو پێش‌کەوتن‌و سەرسووچی کۆڵان لێ گرتن‌و گەڕانەوەو زەردەخەنەی وەستایانە هێنامە قسە کردن ، وەڵڵاهی ڕۆح لە جێگەیەکی سەختایەو نایەتە دەرێ ئەگیتا ئەبو من هەر ئەوساتە دڵم بوەستایە ، سەرتان نەیەشێنم قسەکەش هەر ئەوەندە بوو کە ووتی : پاش نیوەڕۆ سەعات پێنجو نیو کەسمان لەماڵەوە نابێ ئەگەر توانیت سەرێك بدە لە دەم دەرگاکەدا ڕێگەی یەك دوو قسەمان ئەبێت .

ــ ئێ ئێ ...

ــ بەخوا خۆشە ئەمەیە ژیان

کەوابو وازت نەهێنا هەتاکو بە ئاواتی دڵت گەیشتی‌و کەوتنە گفت‌وگۆ ، ئێمەی نەگبەت نەبێ بەم ڕۆژگارە خولەمان دێت‌و مایەمان بە مایەی پیاز فرۆش .

دە بەسە ماڵتان وێران‌بێ بۆ ئەوەندە خۆ پەرستن ، لە کورتی بی برمەوە ، نیوەڕۆ دوای نان خواردن ڕیش تاشرا ، هەر چەند بەیانیش تاشی‌بووم ..

ــ بە راستی هەر لە خۆت دێ

جلی نوێم لەبەرکردو وەستایانە سەرم داهێناو بۆن بەرامەیەکی تەواوم لە خۆم‌داو کەوتمە ڕێ ، خۆشم نلزانم چۆن گەیشتبومە بەر دەرگاکەیان‌و دەستم نا بە زەنگەکەدا بەڵام لەشم وەك کڵپەی ئاگر هاتبووە جۆش ، دڵم ... لەم کاتەدا یەکێکیان هەڵی‌دایەو ویستی بۆی تەواو کات ووتی :

ــ وەك ...

بوگلە بە سەر نەی هێشت‌زیاتر لە سەر بڕوا قسەکەی پێ بری‌و ووتی :

ــ دە ووس‌بە ، دڵم فرتە فرتی بوو لە پڕ دەرگاکە

کرایەوە مانگی چواردە لە درزی دەروازەوە دەرکەوتو ووتی: فەرموو وەرە ئەم دیو ، کە لە دالآنی سەر دەرگاکە تێپەریمو چومە حەوشەکەوە ئەوسا ئەویش دەرگاکەی داخست ، چیتان بۆ بگێڕمەوە لە کوێ بوون لە ساتەدا .

ــ لە کوێ بووین بەملی شکاومان هەر لەم چایخانەیە بووین ، حەیف نییە ئێمە لەخۆشیێدا بین .

ــ ئەوە ئەڵێی چی ! خراپ تێ گەیشتوی ، بەشەرەفی هەموومان نیو سەعات زیاتر بە پێنج شەشێك بە شەق تەراتێنی حەوشەکەیان پێ کردم .

ــ ئەی شۆخێ لە سەری هەڵ نەدایتێ ؟

ــ ڕاست ئەکات با قسەیەکی خێری بۆ بکردیتایە خۆ کفر نە ئەبوو .

ــ کوڕە قسەی خێری چی ، هیچ نەبوایە ئەویش شەقێکی تێهەڵدایە ، ئەی توخوا تێهەڵنەدای ؟

ــ نەخێر ، ئەو بێزی نایەت شەق لەمن هەڵدات ، بە دەم زەردە خەنەیەکی گاڵتە پێکردنەوە پاڵی دابوو بە دیواری ژوورەکەی ئەو بەرەوەو سەیری ئەکرد .

ــ ئەی دوای ئەوە ؟

دوای ئەوەش سەتڵی خۆڵەمێشیاویان کرد بە تەوقی سەرماو دەرگای دەرەوەیان بۆ کردمەوەو بە یەك شەق فرێیان دامە کۆڵان .

لەم کاتەدا کەسێ هاوڕێکەی لە تاسەوە چووبوونەوە لە پێکەنیناو دەستو پێیان ببڕرایە بەخۆیان نە ئەزانی ، هاوڕێکەی منیش لەبەر خۆیەوەو بە ناوچەوانێکی گرژو تاڵو دلێکی پر لە داخەوە ووتی : ئەی دەستیان خۆشبێت شاڵڵا سواری کەرێکیشیان بکردیتایەو کۆڵان بە کۆلانی شار بیان گێڕایتایە ، ئەمجا ڕووی کردە منو ووتی : خۆ گوێت لێبوو ، ئیتر هیچ پێویست بە من ناکات قسەت بۆ بکەم ، ئەوا مامۆستا عەزیزیش هاتەوە فەرموو بابڕۆین نانەکەمان بخۆین .

# هەستیکی بەرز

لەم دوایی‌یەدا بە شیوەیەکي ئاشکرا هەستی بە سۆزی خویندەوارانی ( هیوا ) بە جۆشتر لە جاران هەل ئەقولێو سەر لەنوێ پیروزبایی‌و پەیمان لە گەل‌هیوای خوشەویستیان نوێ ئەکەنەوە .. لە گـەلێ لاوە نامـەی ئەدەب پـەروەرو خویندەوارە بە رێزەکانمان بۆدێو گشـتي دلنیایی‌و شاگەشکەیی خۆیانمان پێ ئەگەینن‌و پەسـندی ژمارەکانی هیوا ئەکەن ، کە بێ‌گومان پەسـندگیری‌و دلنیایی ئەوان روناکی رێی دوورو دریژی هیوایە ...

● جارێ ماموستا ( میدیا ) لە سلیمانی‌یەوە لەگەل چیروکیکی پوختەدا ئەم چەنـدیرە ناسکەشی بۆ نووسیوین:

دەستی نووسەرانی گوڤاری هیوای بەریز

روژتان باش ، برایان ئەوەی کە هەستی پێ ئەکریت لەم ژمارانەی دوایی گوڤارەکەدا پیش‌کەوتن‌و بەرز بوونەوەی ڕادەیەتی لەگەلێ ڕووەوە ،

دوای ئەوە سکالا ئەکا ئەلی : تەنیا ئەوەنـدە هـەیە خۆزگە لەمەولا بەرێك‌و پیکی هەموو سەری مانگیك ئەکەوتە دەست خویندەواران . پاش ئەم ئاواتە بەجێ‌یە نووسیویە :

لەبەر ئەوە منیش بە پیویستی ئەزانم بەشداربم لـە نووسینا بۆتان وە هیوام وایە پیتان لێ نەبڕم ...

● دوای ئەوە ئەو بەلێنە خوشەمان پێ‌گەیشـت ، نووسەریکی ( هیوا ) دۆست ، ماموستا محمد نوری توفیق لە روژنامەی ( ژین )ی خۆشەویستا ، دلسـۆزی خوی بەرامبەر گوڤارەکە نیشان‌دابوو وە زورتریشـ گلەیی لە دەست دەرنەچوونی ریکو پیکانەی کردبوو . لەوانەیە بـە

خویندنەوەی ئەم ژمارەیە تەنگو چەلەمەکانی هیوای چاکتر بۆ روون ببیتەوە ، وە لە ریزی رەخنەگرانەوە بیتە ریزی چارەکەرانی دەردەکانی

● وە ( گەنجیکی ) هەولیری بی ناوو نیشان ! پاش سەلاویکی گەرم نووسیویە : « گوڤاری هیوا زور نایابو جوانە وە بە تایبەتی ژمارەی ٣٣ بەلام رەخنەم ئەوەیە کە هەموو مانگێ بە ریكو پیکی دەرنایێ ... وە ئەنگۆ لە یەك ژمارە پینج چیروکتان بلاو کردوتەوە ، هەر ژمارەیەك یەك چیروکی بەسە ... »

پاش سوپاسی کاکی هەولیری ئەلێین ئەگەر سەیریکی گوڤارە عەرەبیو ئینگلیزی‌یە بەرزەکان بکەیت « بۆ نموونە ئادابو المجله . وەربگرە » ئەبینی هەموو جار لە چیروکیك زیاتر بلاو ئەکەنەوە ، . لەوانەیە تەنیا گوڤاری ( گەلاویژ )ی کردبی بە نموونە ، کە بی‌گومان ئیمە ١٥ سال پیش گەلاویژی بەرێز کەوتووینەتەوە لە کاتا ، وە پیلانی ئیمەش پەرەپیدانو تەشجیع کردنی چیروكو هونەری چیروکنووسی‌یە کە ئەدەبەکەمان لە هەموو شتی‌تر زیاتر پیویستی پی هەیە ..

وە پێشنیارەکانی تری ئەم برایە وەکو وەرگیررانی وتاری زانستیو فەلسەفیو نووسینی وتاری میژویی زۆر بەجێو پەسندن .

● کاك جلال مەلا حسن معلم لە ژووری ( گرتوو خانەی ) اعظمیەوە هەستی خوی بۆ دەر بڕیوین ، لە نامەکەیا ئەلێ :

گڤاری هیوا ــ ژمارە ٣٣ ــ بە دەستم گەیشت لە ( مووقفی اعظمیة ) کە خویندمەوە گەلێ پێ دلشاد بووم چونکە ماوەی ( ٩ ) مانگە چاوم بە روژنامەو گوڤاری کوردی نەکەوتووە .

● وە لە قاهیرەوە کاك عثمان اسماعیل نوغرانی نامەییکی بو ناردووین ، نووسیویە :

« به ڕاستی گەلێ بەختیار بووم هەر کە بە ڕێك کەوت چاوم کەوت بە گوڤاری هیوای ژمارە ( ٣٣ ) .... « ئەوەی یێك جار دلی فراندم ئەوەبو کە لە ناو لاپەرەکانی گوڤاری هیوا چاوم کەوت بە تەوژمي بزوینەوەی نووسینو بیرکردن لە لای خویندەوارەکانی ئەم گوڤارە بە نرخەیە ، ئەمەش شتیکە موژدە دەدات بە نزیك بوونی روناکی روژی کورد چونکە زانیاری چرای هەر گەلیکە .

لەم کاتەی دەلێم تەزینی شادیمانی گرتمی .. بەم هۆیەوە تکای‌بوورین دەکەم ، چونکە من دەمیکە لە کوردستان دوورم ، لیرە دەخوینم لە قاهیرە ، بە راستی مەودایيکی دل فینك‌کەری دوور هەیە لە نیوانی پلەی بزوتنەوەی نووسین لە کاتی پێشا هەر کە خوم لە کوردستان بووم لە گەل ئیستای ..... تاد »

● ئەمانەو بیجگە لە نامەی تایبەتیو رەزامەندی ئەوانەی پێیان گەیشتووین .. هەمووی نیشانەی سەرەتای گەرمی ڕووتێ کردنو پەسندی خویندەواران ئەگەیێنیو ئیمەش هەول ئەدەین پشت بە پارەی ئابوونەدارو کڕیارانی هیواو ئەندامانی یانەو گەنجە دلسوزەکان ، ئاواتی گشت بهینینە دي ، کە دەرچوونی هیوایە هەموو مانگیك بە ریکو پیکی .

---

## میژوی کوردو کوردستان
## برایانی خوشەویست

**لەم روژانە خلاصەی میژوی کوردو کوردستانی ماموستای نەمر محمد امین زکی کەوتە بازار جا لەمرووە دانەی خوتان بکرن لە لای ماموستا بشیر مشیرو هەمو کتیبخانەکانی کوردستان**

# ناوو نیشانی هیوا


بەغدا : شەقامی زەهاوی ، یانەی سەرکەوتنی کوردان

( نادي الارتقاء الكردي )

تەلەفوون ٢٨٤٠٥

خاوەنی ئیمتیاز : یانەی سەرکەوتن

مودیری مەسئوول : دوکتور هاشم دوغرامەچی

لە پوستەخانەدا تومار کراوە بە ژمارە ٤٩


## لە ژمارەی هاتوودا


| | |
|---|---|
| بۆ پیشەوە ( چیروك ) | مجید ئاسنگەر |
| دەربەندی ئاگراوی | جیهان عومەر |
| تۆوی ناکوکی | وەرگیر : مصطفی رەزا |
| نازداری هیندۆك | حسن قزلجی |
| شبرد ( هونراوە ) | محمد مەلا کریم |


هەمـو ژمارەکانی هیوا لـە یانە دەست ئەکەویت

بیجگە لە ژمارە ( ٥ ) ی سالی ( ١ )و ژمارە ( ٣١ ) .




## جگەرەی تورکی

چاکترین جگەرەی خومالی یە

وە لە ریزی باشترین جگەرەی جیهاندایە

ملیونەها جگەرە خور لە ( تورکی ) بەولاوە

جگەرەی تر ناکیشن

نرخي ( ١٠٠ ) فلسه

لە چاپخانەی ( صلاح الدين ) لە بەغدا لە چاپ دراوە